Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-08

# پارادایمی پۆزەتیڤیستی؛ سەرەتاکانی توێژینەوە و هەڵبژاردنی میتۆد لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا (توێژینەوەیەکی شیکاری-هێرمێنۆتیکییە بۆ ماستەرنامەکانی بەشی کۆمەڵناسی-زانکۆی سلێمانی)

(توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر)

**ئاشتی خلیل محمد حیدر، عمر علی احمد عبدالله**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **June, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **October , 2025** |

**Keywords**

**پارادایمی پۆزەتیڤیستی، میتۆد، کێشەی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە.**

**Corresponding Author**

ashtiazadarash98@gmail.com
omer.ahmed@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە تێگەیشتنە لە پارادایمی فەلسەفی بەگشتی و پارادایمی پۆزەتیڤیستی بەتایبەتی، هەروەها ئەو تێگەیشتنانەی لە ڕوانگەی دنیابینیی پۆزەتیڤیستییەوە بۆ سەرەتاکانی توێژینەوە (کێشە و ئامانجی توێژینەوە) و هەڵبژاردنی میتۆدی توێژینەوە دەکرێت. لە توێژینەوەکەدا شیکارییەکی هێرمێنۆتیکی بۆ ئەو ماستەرنامانە ئەنجامدراوە، کە پێشکەش بە بەشی کۆمەڵناسی کراون، لەناویاندا توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان و توێژینەوە ئەنسرۆپۆلۆجییەکان دەگرێتەوە. بە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان ئەم دوو گۆڕاوە (پارادایمی فەلسەفی و تویژینەوەی کۆمەڵایەتی) بەو ئەنجامانە گەیشتووین، کە پەیوەندییەکی مێژوویی و ئەکادیمی تایبەت بە پرسە فەلسەفییەکان پێکەوەیان دەبەستێتەوە. هەر پارادایمێکی فەلسەفی کۆمەڵێک گریمانەی فەلسەفی سەبارەت بە پرسەکانی (بوون، زانین، بەها، لۆجیک، میتۆد، ڕەوانبێژی) هەیە، هەروەها بە تێگەیشتن لە هەریەکێک لە پارادایمە فەلسەفییەکان لە کۆتاییدا و لە بەشی مەیدانی توێژینەوەکەدا پەیوەندی نێوان پارادایمی پۆزەتیڤیستی (کە یەکێکە لە پارادایمە سەرەکییەکانی زانستی کۆمەڵایەتی) لەگەڵ هەڵبژاردنی ناونیشان و دەستنیشانکردنی کێشە و ئامانج و میتۆدی توێژینەوە لە ماستەرنامەکانی بەشی کۆمەڵناسیدا هەڵسەنگێندراون و لە ئەنجامەکاندا دەرکەوتووە؛ یەکەم، توێژەران لە پرسی پارادایمی ڕێنوێنیکەری توێژینەوەکانیان تێنەگەشتوون و لە توێژینەوەکانیاندا ئاماژەیان بۆ نەکردووە، دووەم، لە ڕێگەی شیکارییە هێرمێنۆتییەکیەکانمانەوە لەوە تێگەیشتووین، کە زۆرێک لە ماستەرنامەکان پرسەکانی بوونناسی و زانیناسی و بەهاناسی و لۆجیکییان لە توێژینەوەکانیاندا پەیڕەونەکردووە و بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ پارادایمەکانی دیکەدا توێژینەوەکانیان لە پەیڕەوکردنی ڕێنوێنییەکانی پارادایمی پۆزەتیڤیستی دوورخستۆتەوە.

## پێشەکی:

پارادایمی فەلسەفی ڕۆڵێکی کاریگەر لە بونیادنانی دنیابینیەکانی توێژەر دەرحەق بە توێژینەوەکەی دەبینێت، هەروەها میتۆدی توێژینەوە ئەو کەرەستە زانستییەیە کە توێژەری کۆمەڵایەتی بەکاریدەهێنێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە زانستییەکەی. ئەگەرچی توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان و میتۆدەکانی بەرهەمهێنانی زانیاری وەک ئامرازی توێژینەوەی پرسە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا بەکاردەهێنرێن، هەروەها توێژەران لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لە توێژینەوەکانیاندا میتۆد بەکاردەهێنن، بەڵام چۆنییەتی درووستبوون و ئەم میتۆدانە ناڕوونە. بۆ تێگەیشتن لەم پرسانە و گرنگتر لە ڕێنوێنییەکانی پارادایمی پۆزەتیڤیستی لە هەڵبژاردنی کێشە و ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و هەروەها هەڵبژاردنی میتۆدی زانستیدا، ئەم توێژینەوەیە لە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی پێکهاتووە.

لە بەشی یەکەمدا چوارچێوە تیۆری و میتۆدییەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، هەروەها لە بەشی دووەمدا، بنچینە سەرەکییەکانی پارادایمی فەلسەفی بەگشتی و پارادایمی پۆزەتیڤیستی بەتایبەتی باسکراون، لە بەشی سێهەمی توێژینەوەکەدا پارادایمی فەلسەفی لە پەیوەندیدا بە ڕێنوێنیکردنی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییەوە باسکراوە، هەروەها لە کۆتا بەشدا کە بەشی چوارەمە، ماستەرنامە ئەنجامدراوەکانی بەشی چوارەم بە ئامانج گیراون و شیکاریان بۆکراوە و ئەنجام و دەرەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکەمان خستووەتەڕوو.

## ١- چوارچێوەی تیۆری و میتۆدی توێژینەوەکە

### ١,١- کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

یەکەم: پارادایمی فەلسەفی چییە و پەیوەندی بە توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکانەوە لەکوێدایە؟

دووەم: چۆن پارادایمی پۆزەتیڤیستی ڕێنوێنی کێشە و ئامانج و میتۆدی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەکات؟

سێیەم: ئایا ماستەرنامە تەواوکراوەکانی بەشی کۆمەڵناسی و لەناویاندا توێژینەوە پۆزەتیڤیستیەکان، ڕێنوێنیەکانی ئەم دنیابینییە فەلسەفییەیان جێبەجێکردووە؟ چۆن؟

### ١,٢- گرنگی توێژینەوەکە

#### ١,٢,١-گرنگیە تیۆرییەکان

یەکەم: لە ئاستی تیۆریدا وەڵامدانەوەی چۆنیەتی شێوەگرتنی میتۆدەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەناو مێژووی بیری زانستی و فەلسەفەی زانستدا وەڵامدەدرێتەوە.

دووەم: لە ئاستی تیۆریدا توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئاشنادەبن بە بنەڕەتەکانی میتۆدۆلۆژیای زانستەکەیان.

سێیەم: توێژینەوەکە دەبێتە سەرچاوەیەکی تۆری بۆ کتێبخانەی کوردی.

چوارەم: ڕۆشنایی خستنەسەر سەرچاوەی میتۆدۆلۆجیای کۆمەڵناسی، بوار دەڕەخسێنێت توێژەران بە وریاییەوە توێژینەوەکانیان ئەنجامبدەن و خۆشیان بپارێزن لە هەر هەڵەیەکی لۆجیکی و زانستی.

#### ١,٢,٢- گرنگیە پراکتیکیەکان

ڕێگایەکی زانسییە لە یارمەتیدانی توێژەران لە ئاستەکانی تری توێژینەوەی دەرچووندا (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا)، لە ئاستی کردەدا (praxis) بە وریاییەوە پارادایمە فەلسەفییەکان وەکو بنەمای توێژینەوەکانیان لە خستنەڕووی سەرجەم لایەنە تیۆری و پراکتیکییەکانی توێژینەوەکانیاندا بەکار بهێنن، هەروەها ئەم ئاشنابوونانە، توێژینەوەکان لە سەرجەم هەنگاوە بەدوای یەکدا هاتووەکانی توێژینەوەکانیاندا لەسەر بنەمایەکی زانستی ئاڕاستەدەکەن.

### ١,٣- ئامانجەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: پیشاندانی بنەڕەتەکانی پارادایمی فەلسەفی لەناو نەریتی پەرەسەندووی فەلسەفیدا.

دووەم: تێگەیشتن لە گریمانە مێتافیزیکییەکانی پارادایمی پۆزەتیڤیستی و چۆنێتیی ڕێنوێنیکردنی هەنگاوەکانی (کێشە و ئامانج و میتۆد)ی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی.

سێیەم: تێگەیشتن و شیکاریکردنی ماستەرنامە ئەنجامدراوەکانی بەشی کۆمەڵناسی-زانکۆی سلێمانی، کە لەسەر بنەمای پارادایمی پۆزەتیڤیستی ئەنجامدراون، لە ناویاندا؛ کێشە و ئامانجی توێژینەوە، هەروەها ڕێنوێنیکردنی میتۆد لە لایەن دنیابینیی پۆزەتیڤیستییەوە.

### ١,٤- میتۆدی توێژینەوەکە

بە پشتبەستن بەو تێگەیشتنەی بۆ بیرۆکەی توێژینەوەکە خستومانەتەڕوو، هەروەها ئەو پەیوەندییەی دەمانەوێت لەگەڵ لایەنی پراکتیک یاخود کۆمەڵگای توێژینەوەدا درووستیبکەین، سەرقاڵین بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکەوە بە میتۆدێکی چۆنێتی، ئەم میتۆدەش هێرمێنۆتیکە hermeneutics. هێرمێنۆتیک میتۆدێکە لە شیکارکردنی دەقدا text analysis بەکاردێت، بەمەبەستی تێگەیشتن و لێکدانەوەی مانا شاراوەکانی پشتەوەی دەقەکان.

یەکێک لەو هۆکارانەی میتۆدی هێرمێنیوتیک لە شیکارکردنی ماستەرنامەکاندا بەکارهێنراوە ئەوەیە ،کە سەرجەمی ئەو گۆڕاوە پێکەوەبەستراو و ئازادانەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، لەوانە؛ دنیابینیی فەلسەفیانەی توێژینەوە، بەهاناسیی توێژینەوە،

میتۆدناسیی توێژینەوە، لۆجیکی توێژینەوە، ڕەوانبێژیی توێژینەوە، هەروەها تەکنیکەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، کە لە میتۆدە زانستییەکانەوە سەرچاوەدەگرن، هەموویان بە جۆرێک سەر بە نەریتی فرەقۆناغی پێگەیشتنی زانستن و لە ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە گواستراونەتەوە بۆ توێژەر، سەرئەنجام بوونەتە هۆکاری ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان.

هەروەها یەکێکی دیکە لە دنیابینییەکانی ئەم توێژینەوەیە، کە لەگەڵ میتۆدی هێرمێنیوتیکدا پێکدێنەوە، "گەڕاندنەوەی هۆکارەکانە (گۆڕاوەکان، واقیعە جیاوازەکان)، بۆ سەر ڕەگ و ڕیشە مێژوویی و فەلسەفییەکەی لەناو فەلسەفەی زانستدا" و پێویستە بۆ تێگەیشتن لە میتۆدۆلۆجیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئاوڕیان لێ بدەینەوە.

### ١,٤,١- بازنەی هێرمێنۆتیکی

بازنەی هێرمێنیوتیکی ڕێگایەکی تێگەیشتنە، کە ڕەگ و ڕیشە ڕەونبێژییە دێرینەکەی هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە ڕستەکان. جەوهەری بازنەی هێرمێنیوتیکی تێگەیشتنە لە پەیوەندی نێوان "گشت و بەشەکانی". "بەشەکان" ناتوانرێن لە ڕێگەی دابڕانیان لە "گشت" تێگەیشتن ببەخشن، هەروەها "گشت"یش بە بێ تێگەیشتن لە چۆنێتیی پێکەوەلکاندنی "بەشەکان" ناخوێنرێتەوە. تێگەیشتن و لێکدانەوە لەناو بازنەیەکدا دروستدەبێت کە؛ دەقە تاکەکان تەواوی دەقەکە پێکدەهێنن و تەواوی دەقەکەش وەکو گشتێک بەسەر دەقە تاکەکاندا دابەشدەبن (Gadamer, 2008, p. 65). گادامێر لەم بارەیەوە دەڵێت؛ "لەڕووی لۆجیکەوە ئەمە بەڵگەهێنانەوەیەکی بازنەییە، گشت لەو ڕووەی پێویستە لە بەشەکانی تێبگەین، دەرناکەوێت پێش بەشەکانی" (Gadamer, 1975, p. 190).

کەواتە ئەم بیرۆکەیە لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە بەشەکان بەشێوازێکی سەربەخۆ بەتەواوی ماناکانیان دەگۆڕن. لە توێژینەوەکەدا پشت بە بازنەی هێرمێنیوتیکی بەستراوە لە دروستکردن و بەراوردکردنی لۆجیکی لەنێوان بەشەکاندا. بەو پێیەی لە شێوازی بەکارهێنانی پارادایمێک لە توێژینەوەیەکی دیاریکراودا دەکۆڵینەوە.

### ١,٤,٢- زانیاری پشتپێبەستراوی توێژینەوەکە

زانیارییەکان دوو جۆرن؛ چەندێتی، هەروەها چۆنێتی. دیزاینی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای پێویستی و پشتبەستن بە زانیارییە چۆنێتییەکان بونیادنراوە، کە پشت بە؛ وشە، چەمک، زاراوە، ڕستە، هەروەها دەق دەبەستێت. ئەم زانیارییە چۆنێتییانە سەرچاوەی خۆیانیان هەیە، کە لە خوارەوە دەستنیشانی دەکەین.

### ١,٤,٣- سەرچاوەی زانیاریی توێژینەوەکە

لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دوو سەرچاوەی سەرەکی لە زانیاری بوونیان هەیە، ئەوانیش؛ ١- زانیارییە یەکەمییەکان، کە توێژەر خۆی ئەو زانیارییانە کۆدەکاتەوە، لەناو ئەو کۆمەڵگایەی توێژینەوەی تێدا ئەنجامدەدات. ٢- زانیارییە دووەمییەکان، ئەم جۆرە زانیارییانە پێویستیان بە کۆکردنەوە نییە، چونکە کۆکراونەتە و ئامادەن بۆ توێژینەوە (Singh, 2006, p. 117).

لەم توێژینەوەیەدا، کە لە ماستەرنامەکانی بەشی کۆمەڵناسی-زانکۆی سلێمانی دەکۆڵێتەوە، (ماستەرنامەکان) جۆرێکن لە تۆمارکراوەکان (دۆکیۆمێنت)، بە ئامانج گیراون و بەکارهێنراون و توێژەر زانیاریی نوێی کۆنەکردۆتەوە، چونکە ئامانج لەم توێژینەوەیە شیکارییە بۆ ئەو کارە زانستییانەی بە ئەنجام گەیشتوون (ماستەرنامەکان).

### ١,٤,٤- سنوورەکانی توێژینەوەکە

لە هەموو جۆرە توێژینەوەیەکدا بابەتی توێژینەوە (سنووری بابەتی) و خاڵی دەستپێک وکۆتایی (سنووری کاتی) و شوێنێک بوونیان هەیە، (سنووری شوێنی) کە دەبن بە چوارچێوە و بڕیار لەسەر سنووری توێژینەوەکە دەدەن، ئەم سنوورانە بریتیدەبن لە؛

**١,٤,٤,١- سنووری کاتی:** ئەو ماوەیە دەگرێتەوە، کە توێژینەوە پراکتیکییەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت و توێژینەوەکە لەڕووی ئەم ماوەیەوە سنووردار دەکرێت. لەم توێژینەوەیەی بەردەستدا کۆکردنەوەی زانیارییەکان (ئەو زانیارییانەی خۆیان بوونیان هەیە، کە 'ماستەرنامەکانن') لە بەرواری ٢٠٢٥/٤/١ەوە دەستپێدەکات و لە بەرواری ٢٠٢٥/٦/٢٠ کۆتایی بە شیکارکردنی زانیارییەکان دێت.

**١,٤,٤,٢- سنووری شوێنی:** هەرچەند زانیارییەکان لە مەیداندا کۆنەکراونەتەوە، بەڵام ئەم زانیارییە دووەمییانە (ماستەرنامەکان)، لە زانکۆی سلێمانی ئەنجامدراون، کە دەکەوێتە سنووری شاری سلێمانییەوە.

**١,٤,٤,٣- سنووری بابەت:** زۆرکات توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان زانیاری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا کۆدەکەنەوە و بە گوێرەی ئامانجی توێژینەوەکان، چین و توێژەکان جیادەکرێنەوە و توێژینەوەکانیان لەسەر ئەنجام دەدرێن، بەڵام لەم توێژینەوەیەی بەردەستدا بابەتی توێژینەوەکە (ماستەرنامەکانن)، کە وەکو دەقی نووسراو یاخود دۆکیۆمێنت، کە جۆرێکن لە زانیاری دووەمی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

## ٢- پارادایمی فەلسەفی، جۆرەکانی و گریمانە مێتافیزیکییەکانیان

### ٢,١- گفتوگۆ سەرەتاییەکانی شێوەگرتن و دابەشبوونی پارادایمە فەلسەفییەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا

فەیلەسوفی ئەمریکی تۆماس کوون (١٩٢٢-١٩٩٦)، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٦٢)دا وشەی پارادیمی لە بواری توێژینەوەی زانستیدا بەکارهێنا، کە بە مانای "ڕێگا فەلسەفییەکانی بیرکردنەوە" دێت. کوون لە کتێبەکەیدا 'پێکهاتەی شۆڕشە زانستییەکان'، توێژینەوەیەکی تەواوی لەسەر بیرۆکەی پارادایم باسکردووە، لەوەدا کە چۆن دەبێت بە چوارچێوەیەکی تیۆری لە بونیادنانی مەعریفەدا؛ هەروەها چۆن شێوازی ئاراستەکردنی پرسیارە زانستییەکان بۆ زانست دەستەبەردەکات، بەڵام جەوهەری تیۆرییەکەی باسکردن بوو لە زانستە سروشتییەکان و بە تایبەتی زانستی فیزیا و بە دەگمەن ئاماژەی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان کردووە. بەڵام ئەم تیۆرییەی تۆماس کوون، هەر

زوو سەرنجی بەکارهێنەرانی زانستی کۆمەڵایەتی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، لە گەشەدان بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنی میتۆدۆلۆجیا و توێژینەوە (Marques et al., 2019, p.42).

ئەو کاتەی بایەخدان بە توێژینەوە چۆنێتییەکان زیادیکرد، چەمکی پارادایمی تۆماس کوون لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بایەخی پەیداکرد، لە ساڵانی حەفتاکانەوە (سەدەی بیست) و ئەو کاتەی توێژینەوە چۆنایەتییەکان بایەخێکی زۆریان پەیداکرد، هەندێک لە توێژەران وەکو 'ئیگۆن گوبا و ڤۆنا لینکۆڵن' بە شۆڕشێکی پارادایمیان دەبینی. هەروەها لە کۆمەڵناسیشدا توێژەران بە گشتی بیروباوەڕە سەرەکییەکانی تیۆرییەکانیان بە "ستراتیجییەتی پارادایمی" یاخود "دنیابینی" جیاکردۆتەوە (Fazlıoğulları, 2012, p.42). بە بڕوای گووبا و لینکۆڵن کاتێک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا میتۆدە چۆنێتییەکان لە لایەن توێژەرانەوە بەکاردەهێنرێن، نابێت تەنها وەکو بەکارهێنانێکی میتۆدۆلۆجی لێکبدرێتەوە، باشترین ڕێگای جێگرەوە بۆ پۆزەتیڤیزم بە بڕوای گووبا و لینکۆڵن لە ڕێگای جیاکاریکردن لە نێوان پارادایمە فەلسەفییەکان و پێکهێنەرە بنچینەییەکانیانەوە جیادەکرێنەوە، کە (ئۆنتۆلۆجی و ئەپستمۆلۆجی و میتۆدۆلۆجی) دەگرێتەوە، هەروەها پارادایمە فەلسەفییەکان لەلای گووباو لینکۆڵن ئاماژەن بۆ پارادایمە زانستییەکانی توێژینەوە، کە لە پرۆسەی توێژینەوە و ئاستی پراکتیکدا هەرچوار گریمانەی (ئۆنتۆلۆجی و ئەپستمۆلۆجی و میتۆدۆلۆجی و ئەکسیۆلۆجی) دەگرێتەوە (Fazlıoğulları, 2012, p.42).

کەواتە کاتێک باس لە پارادایمی توێژینەوەی زانستی لەلای گوبا و لینکۆڵن دەکرێت، مەبەست لە پارادایمە فەلسەفییەکانە لە ئاستی پراکتیکی توێژینەوەدا.

یەکێکی دیکە لە بەشدارییە گرنگەکان، کتێبەکەی 'بووریڵ و مارگان'ە (١٩٧٩). لە کتێبەکەیاندا 'پارادایمە کۆمەڵناسییەکان و شیکارییە ڕێکخراوەکان'، پارادایمەکان بەسەر چوار جۆردا دابەشدەکەن، ئەوانیش؛ پێکهاتەگەری ڕادیکاڵی، ئەرکگەری، تێگەیشتنی، هیومانیستی ڕادیکاڵی (Burrell and Morgan, 1979).

هەروەها بە بڕوای هابەرماس پێکهێنەری مەعریفەی توێژەر پێشرەمینەی میتۆدۆلۆجیای توێژینەوەیە. خولیا مەعریفییەکانی توێژەر هاندەرە بۆ توێژینەوەی واقیعی بابەتی یاخود خودی، یاخود هەردوو واقیعەکە پێکەوە. تیۆرییەکەی ساڵی ١٩٨٧ی یۆرگن هابەرماس لەسەر "خولیاکانی پێکهێنەری مەعریفە"، ڕەنگدانەوەیان لەسەر زانیناسی توێژینەوە زانستییە_کۆمەڵایەتییەکان هەبووە.

لەناو سەرەتای کارەکانی هابەرماسدا، سێ جۆر لە جیاکاری بیرۆکەیی جیادەکرێنەوە: تێگەیشتنی زانستییانە یاخود پۆزەتیڤیستی، یاخود تێگەیشتنی ڕزگاریخوازانە، یاخود ئایدیۆلۆجیای ڕەخنەیی. کەواتە پارادایمی ڕەخنەیی تەنها ڕوانگەیەکی توێژینەوەیی نییە، بەڵکو ڕوانگەیەکی میتۆدۆلۆجییانەی تایبەت بە خۆی هەیە.

ئارەزووە پێکهێنەرەکانی زانین و سروشتی توێژینەوەییەکەی هابەرماس:

یەکەم: ئارەزووە تەکنیکییەکان، کە لە بواری میتۆدۆلۆجیادا پشت بە تاقیکردنەوەی زانستی و سەلماندنی دەبەستێت. تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە ئارەزووە لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا بریتین لە: میتۆدۆلۆجیای زانستییانە (یاخود پۆزەتیڤیستی)، بۆ نموونە (ڕووپێو و تاقیکردنەوە)، تاقیکردنەوەی گریمانە، هەروەها میتۆدە چەندێتییەکان لەخۆدەگرێت.

دووەم: ئارەزووە پراکتیکییەکان، کە لە بواری میتۆدۆلۆجیادا پشت بە هێرمۆنیتیک و لێکدانەوەی مانا دەبەستێت (پارادایمی تێگەیشتنی). تایبەتمەندییە میتۆدۆلۆجییەکانی ئەم جۆرە ئارەزووە بریتین لە: کارلێکگەراکان، دیاردەناسەکان، مرۆڤگەراکان، ئەسنۆگرافییەکان، بوونگەراکان، ئەسنۆگرافیستەکان، سروشتگەراکان، میتۆدە چۆنێتییەکان.

سێیەم: بەرژەوەندی ئازادیخوازانە، کە لە بواری میتۆدۆلۆجیادا پشت بە ڕەخنە ئایدیۆلۆجییەکان دەبەستن. تایبەتمەندییە میتۆدۆلۆجییەکانی ئەم جۆرە لە ئارەزوو بریتین لە: ڕوانگە سیاسییەکان، لێپرسینەوە لە دەسەڵات، تواناکانی گۆڕانکاریکردن. مەبەست لەم جۆرە توێژینەوەیە گۆڕانکاری و بەرەوپێشبردنی دیمۆکراسیەتە (Cohen et al., 2018, p.53).

یەکێکی دیکە لە کۆمەڵناسە گرنگەکان، کە تاکە کۆدەنگییەک لە زانستەکەدا نابینێت، 'جیۆرج ڕیتزەر George Ritzer'ە. لە کتێبەکەیدا 'کۆمەڵناسی: زانستێکی فرە پارادایم' ڕیتزەر دەڵێت: "لەکاتێکدا چەندین پارادایم کار بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتیان لەناو بوارەکەدا وەکو گشتێک دەکەن. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی زانستی فرە پارادایمی ئەوەیە کە؛ لایەنگرانی پارادایمێک هەمیشە پرسیار لە ڕاستی و دروستی گریمانەکانی پارادایمەکانی دیکە دەکەن، کەواتە زاناکانی ناوی کاتێکی قورسیان دەبێت، کە پێویستە هەمیشە بەرگری لە بۆچوونەکانیان بکەن، کە لەلایەن ئەندامانی پارادایمەکانی دیکەوە ڕووبەڕوویان دەبنەوە. من کۆمەڵناسی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش دەخەمە ناو ئەم چوارچێوەیەوە (Ritzer, 1975, p.12). هەروەها لە شوێنێکی دیکەی هەمان کتێبدا دەڵێت؛ "لەبەر ئەوەی تاکە پارادایمێکی زاڵ لە کۆمەڵناسیدا بوونی نییە، کۆمەڵناسان قورسایی زۆریان دێتە پێش لە ئەنجامدانی کارە تایبەتمەندیدارەکانیان، کە پێویستی بە کەڵەکەبوونی مەعریفە هەیە" (Ritzer, 1975, p.201). لە شوێنێکی دیکەدا ڕیتزەر دەڵیت؛ "کۆمەڵناسان زۆرکات بە تەواوی ئەوەیان بیر دەچێت بپرسن، کە بەرەوپێشچوونی مەعریفە لە هەوڵەکانیان بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەت، دەرەنجام و هۆکردی پارادایمەکانیانە" (Ritzer, 1975, p.203).

کەواتە: پارادایمی فەلسەفی، کە بەمانای بنەما فەلسەفییەکانی بیرکردنەوەی توێژەر دێت، سەرەتا لە بواری زانستە سروشتییەکان و بەتایبەت فیزیا، لەلای فەیلەسووفی ئەمریکی تۆماس کوون بەکارهاتووە. گەشەکردنەکانی زانستی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی میتۆدە چۆنێتییەکان و فرە میتۆدی لە بوارەکەدا، هۆکاری دووبارە دارشتنەوەی میتۆدۆلۆجیا و فەلسەفەی بیرکردنەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بووە. کە تیادا

کۆمەڵێک بیرياری گرنگی وەکو؛ گووبا و لینکۆڵن، بۆرێل و مۆرگان، هابەرماس، جۆرج ریتزەر و چەندانی دیکە، ئەم باسەیان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەتی لە بواری میتۆدۆلۆجیای کۆمەڵناسیدا برەوپێداوە.

## ٢,٢- پارادایمە فەلسەفییەکان، گریمانەکانیان و دابەشبوونیان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا

### ٢,٢,١- پارادایمە فەلسەفییەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا

پارادایمی توێژینەوە چوارچێوەیەکی فەلسەفییە، کە رێنوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەکات. فەلسەفەش کۆمەڵە سیستەم، یاخود کۆمەڵە بیروباوەڕێکە، لە لێکۆڵینەوەی بنەڕەتی سروشتی واقیع و زانین و بوونەوە سەرچاوە دەگرێت. بیرۆکەکانی دەربارەی واقیع و سروشتی زانین، بە پێی کات گۆڕانیان بەسەردا هاتووە (بۆ نموونە، خەڵکی باوەڕیان وابووە، کە زەوی تەختە و گەلەئەستێرەکانی دیکە بە دەوریدا دەخولێنەوە)، کەواتە ئەوە جێگای سەرسوڕمان نییە، کە بە درێژایی کات پارادایمەکانی توێژینەوە لە بەرامبەر کەموکورتییە هەستپێکراوەکانی دیکەدا سەریان هەڵداوە (Collis and Hussey, 2014, p.43).

روانگەی فەلسەفی و تیۆری هەر توێژەرێک، چی شاراوەبن یاخود دیار، رێنوێنی رێبازێکی دیاریکراوی توێژینەوە دەکەن. گرنگە بۆ خوێندکارانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەم روانگانە لە کتێبە چاپکراوەکانی توێژینەوەدا روونبکرێنەوە، هەروەها لە هەمان کاتدا پێویستە ئاگاداری ئەو چوارچێوە تیۆرییە بن، کە لە توێژینەوەکانیاندا دەیانخەنەڕوو (Kawulich, 2016, p.39). پێشنیارێکی لەم چەشنەش لە پێداچوونەوە سیستەماتیکییەکەی واگنەر و ئەوانی دیکەدا هاتووە، کە تیایدا رۆشنایی خراوەتەسەر چەندین توێژینەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەن، کەوا خوێندکارانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان پێویستە ئاشنای فەلسەفەی زانست و مشتومڕە ئەپستمۆلۆجییەکانی پەیوەندیدار بە توێژینەوە چۆنێتییەکان ببن (Wagner et al., 2019, p.12).

هەموو توێژینەوەیەک لەسەر بنەما فەلسەفییەکان بونیاددەنرێت. گریمانە فەلسەفییەکان لە پارادایمەکانەوە سەرچاوەدەگرن، کە رێنوێنیی دیزاینی توێژینەوە دەکەن (Gunbayi, 2020, p.45). پارادایمی فەلسەفی بە سادەیی بە چوارچێوەی فەلسەفیی توێژینەوە ناسراوە، هەروەها بە سیستەمی باوەڕەکان، یاخود دنیابینیی توێژەر ناسراوە، کە رێنمایی پرۆسەی توێژینەوە دەکەن. بە مانایەکی دیکە، وەکو پێگەی فەلسەفیی توێژەر وەردەگیرێت بەو شێوەیەی کە لە واقیع دەڕوانێت، یاخود لە پرۆسەی شیاندنی مەعریفە لەبارەی واقیعەوە، هەروەها گریمانەی توێژەرە لە بارەی مەعریفە و بەها و میتۆدۆلۆجیاوە. ئەگەر روونتر لەبارەیەوە بدوێین، پارادایمی توێژینەوە بە ئاشکرا پێگەی فەلسەفیی توێژەر سەبارەت بە پرسیار و گریمانە دەردەخات (بوونناسییەکان، زانینناسییەکان، میتۆدناسییەکان، بەهاناسییەکان) (Khatri, 2020, p.1439).

### ٢,٢,٢- گریمانە مێتافیزیکییەکان metaphysical assumptions

#### ٢,٢,٢,١- گریمانە بوونناسییەکان ontological assumptions

بوونناسی یاخود ئۆنتۆلۆجیا ئاماژەیە بۆ "سروشتی بیروباوەڕەکانی ئێمە سەبارەت بە واقیع"، توێژەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان خاوەنی گریمانەکانیانن سەبارەت بە واقیع (کە هەندێکجار نادیارە)، لەوەی کە چۆن دروستبووە، هەروەها ئەوەی کە دەتوانین چی بزانین لە بارەیەوە، ئەوە پرسیارێکی بوونناسییانەیە، کە دەبێت بە رێبەری توێژینەوەی ئەوەی، کە چی جۆرە واقیعێک بوونی هەیە (Patton, 2002, p. 134).

#### ٢,٢,٢,٢- گریمانە زانینناسییەکان epistemological assumptions

زانینناسی لقێکی فەلسەفەیە، کە لە سروشتی مەعریفە دەکۆڵێتەوە، هەروەها ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی، کە دەپرسێت مەعریفە چۆن بەدەستدێت و چۆن شیاندنی بۆ دەکرێت(Gall, Gall and Borg, 2003, p. 13). هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە، کە خۆی بە سروشتی مەعریفەوە ماندوودەکات، کە چۆن دەتوانرێت بەدەستبخرێت، هەروەها چۆن دەتوانرێت لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا هاوبەشی پێ بکرێت (Cohen, Manion and Morrison, 2007, p. 7). پرسیارە ئەپستمۆلۆجییەکان ڕاستەوخۆ بە پرسیارە بوونناسییەکانەوە پەیوەندیدارن، ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت، کە کۆمەڵە واقیعێک بوونیان هەیە و هەریەکەیان کاریگەرن بە جۆرێک لە ئارووەدۆخە کۆمەڵایەتیەکانیانەوە، ئەوا لە روانگەی زانینناسیشەوە لە ئارووەدۆخە کۆمەڵایەتییەکانی دەورووبەریانەوە لێکۆڵینەوە دەکەین. هەروەها ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت، تاکە واقیعێک بوونی هەیە، ئەوا لە روانگەی زانینناسییانەوە بە شێوازێکی بابەتی لەو واقیعە دەکۆڵینەوە بەبێ تێوەگلانمان بە ئارووەدۆخە کۆمەڵایەتییەکانی دەورووبەریانەوە (Rehman and Alharthi, 2016, p. 52).

#### ٢,٢,٢,٣- گریمانە میتۆدناسییەکان methodological assumptions

ئاماژەیە بۆ لێکۆڵینەوە و شیکارییەکی رەخنەیی رێگاکانی بەرهەمهێنانی زانیاری، هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە، کە ستراتیجییەکە، یاخود پلانی کردەوەیە، یاخود پرۆسە یاخود دیزاین، کەوا بژاردەکانی میتۆدی توێژینەوەی توێژەر دەستەبەردەکات (Crotty, 1998, p. 3)، هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە، کە سەرقاڵبوونە بە گفتوگۆکردنی ئەوەی، کە چۆن بەشێکی توێژینەوە وەربگیرێت (Grix, 2004, p. 32)

بە مەبەستی جیاکاریکردن لە نێوان (میتۆدۆلۆجیا) و (میتۆد)دا، ماریۆ بەنج لە کتێبەکەیدا دەنووسێت "میتۆدۆلۆجی پرۆسەی لیکۆڵینەوەیە لە میتۆدە جیاوازەکان؛ لە بەرامبەردا میتۆدەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن" (Bunge, 1996, p. 102).

کەواتە؛ ڕێبەریکردنی توێژەرە بۆ ئەوەی بڕیاربدات، کە چی جۆرە زانیارییەک داواکراوە، هەروەها چی ڕێگایەکی کۆکردنەوەی زانیاری لەگەڵ مەبەستی توێژەردا پێکدێنەوە. ئەوە پرسیارە میتۆدناسییەکانن، کە ڕێنوێنی توێژەر دەکەن بۆ پرسینی ئەوەی، کە چۆن پێویستە لە جیهان بکۆڵینەوە (Rehman and Alharthi, 2016, p. 52).

### ٢,٢,٢,٤- گریمانە بەهاناسییەکان axiological assumptions

بەهاناسی یەکێکی دیکەیە لە پێکهێنەرەکانی پارادایمی توێژینەوە، کە خۆی بە پرسە ئەخلاقییەکانەوە سەرقاڵ دەکات و پێویستە لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەدا ڕەچاوبکرێت. گریمانەی ئەکسیۆلۆجی ڕێبازە فەلسەفییەکانی بۆ بڕیاردان لەسەر بەهاکان یاخود بڕیاردانە دروستەکان تێدا ڕەچاوکراوە. ئەکسیۆلۆجیا هەندێک کات بە تیۆری بەها ناودەبرێت، کە خەریکە بە پێناسەکردن و هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنی ڕاستی و هەڵەبوونی ئەو کردارانەی پەیوەندیدارن بە توێژینەوەوە (Khatri, 2020, p. 1438).

ئەو پارادایمەی بانگەشەی بێبەریبوون لە بەکارهێنانی هەر جۆرە بەهایەکی (کۆمەڵایەتی یاخود خودی) دەکات، باوەڕی بە کارکردنی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانە لە ڕوانگەی بێلایەنی بەهایی (free-value)، هەروەها ئەو پارادایمانەی بە هەر جۆرێک بەها کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەبەن، یاخود خاوەنی حوکمی بەهایین، پەیڕەوی لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەکەن لەسەر بنەمایەکی بەهایی.

### ٢,٢,٢,٥- گریمانە ڕەوانبێژییەکان rhetorical assumption

گریمانە ڕەوانبێژییەکان سەرقاڵن بە زمانی توێژینەوەوە. بابەتێکی گرنگە لە دیاریکردنی خودیبوون و بابەتیبوونی ئەو زمانەی توێژینەوەکەی پێ ئەنجام دەدرێت(Collis and Hussey, 2014, p. 48). بە شێوازێکی گشتی دوو جۆری ڕەوانبێژی لە پەیوەندیدا بە زمانی دەربڕینی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانە لە لایەن پارادایمەکانەوە ڕێنوێنیدەکرێن، ئەوانیش (دەربڕینی فەرمی) و (دەربڕینی نافەرمین).

### ٢,٢,٢,٦- گریمانە لۆجیکییەکان logical assumptions

گریمانەی لۆجیکی پێمان دەڵێت، کام جۆرە لە بیرکردنەوە و دەربڕین لۆجیکییە و کام جۆر نا لۆجیکی، لە ڕوانگەی ئەو دنیابینییە فەلسەفییەی لە سەر بنەمایەکی ئەزموونی بەدواداچوون بۆ دیاردە و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات (پۆزەتیڤیستی)، پێویستە ئەو زمانەی قسەی پێدەکەین عەقڵانی بێت. بەڵام ئایدیالستەکان و ئەوانەی گرنگی بە تێگەیشتن و واتای پشت دیاردە و ڕووداوەکان دەدەن، مەرج نییە هەموو دیاردەکان بە ڕێگای ئەزموونی لیکبدرێنەوە و تێگەیشتنیان بۆ بکرێت. گریمانەی لۆجیکی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لە لایەن ئاڕاستەی پۆزەتیڤیزمی لۆجیکییەوە بۆ یەکەمجار گرنگیپێدراوە، لەلایەکی دیکەوە گریمانە لۆجیکییەکان ئاماژەن بۆ پێشبینی و ڕوانگەی پارادایمەکان لە بابەتی توێژینەوەکانیان، کە هەندێکیان لەسەر بنەمای هەڵهێنجاندن (deduction) و ئەوانی دیکە لەسەر بنەمای لێخوێندنەوەیی (induction) توێژینەوەکانیان ئەنجام دەدەن. ئەم گفتوگۆیە پەیوەندیدارە بە جۆرێکی دیکە لە گفتوگۆوە لەناو گریمانە لۆجیکییەکاندا، کە دوو ڕوانگەی جیاواز لەخۆدەگرێت. ئەوانەی وەکو گشتێک لە کۆمەڵگا دەڕوانن (holism)، هەروەها ئەوانەی وەکو بەش یاخود لە ڕێگەی تاکە پێکهێنەرەکانی ناویەوە دەست بە توێژینەوەکانیان دەکەن (individualism) (Guillán, 2017, p. 67) .

هەر بۆیە، بۆ ئاڕاستە ئەزموونییەکان (پۆزەتیڤیستی، پۆست پۆزەتیڤیستی) گرنگە، کاتێک لە پەیوەندی نێوان دوو دیاردە دەکۆڵینەوە، چەمکەکان بەباشی پێناسەکرابن، بەڵام ئەو ئاڕاستانەی مانای پشت هۆکارەکانیان بەلاوە گرنگە، گرنگی بە تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی مانای پشت هۆکارەکان و پەیوەندی نێوان هۆکارەکان دەدەن (Bunge, 1996, p. 7).

## ٢,٢,٣- دابەشکارییە گرنگەکانی زانایانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی سەدەی ٢١ بۆ پارادایمە فەلسەفییەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا

زانایانی بواری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی گرنگی بە پارادایمە فەلسەفییەکانی توێژینەوە دەدەن، کە هەندێکجار بە پارادایمی توێژینەوەیی ئاماژەی بۆ دەکەن. لێرەدا دابەشکارییەکانی گرنگترین زانایان و نووسەرانی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان دەخرێنەڕوو.

پاول لیدی و جین ئۆرمۆرد لە کتێبەکەیاندا (کردەی توێژینەوە؛ پلاندانان و دیزاین)، پارادایمە فەلسەفییەکان دابەشدەکەن بەسەر چوار جۆردا، ئەوانیش؛ پۆزەتیڤیستی/پۆست پۆزەتیڤیستی، تێگەیشتنی، ڕەخنەیی، پراگماتی(Leedy and Ormord, 2021).

هەروەها لە دابەشکارییەکانی جۆن کریسوێڵدا پاردایمەکان دابەشدەبن بەسەر چوار جۆردا ئەوانیش؛ پۆست پۆزەتیڤیستی، تێگەیشتنی، گواستنەوەیی، پراگماتی(Creswell, 2018, p. 51).

هەروەها لە کتێبەکەی ویلیام لاورێنس نیوماندا پارادایمەکان دابەشکراون بەسەر پێنج جۆردا، ئەوانیش؛ پۆزەتیڤیستی، تێگەیشتنی، ڕەخنەیی، پۆستمۆدێرنی، فیمینیستی (Neuman, 2011).

هەروەها لە دابەشکارییەکەی ئالان بریماندا هاتووە، کە پارادایمە فەلسەفییەکان دابەشدەبن بەسەر دوو جۆردا، ئەوانیش؛ پۆزەتیڤیستی، تێگەیشتنیین (Bryman, 2012, pp. 4-5).

هەروەها پاتی لازەر پارادایمەکان دابەشدەکات بەسەر چوار جۆردا، ئەوانیش؛ پۆزەتیڤیستی، تێگەیشتنی، ڕەخنەیی، مۆدێرن (Lather, 2006, pp. 35-57).

## ٢,٣- جۆرەکانی پارادایمە فەلسەفییەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا

**٢,٣,١- پارادایمی پۆزەتیڤیستی positivist paradigm** چەمکی پۆزەتیڤیزم ئاماژەیە بۆ لقێکی فەلسەفە، کە لە سەرەتای سالانی سەدەی نۆزدەهەمەوە لەلای ئۆگەست کۆمت سەریهەلدا. پۆزەتیڤیزم گریمانەی ئەوە دەکات، کە واقیع بە سەربەخۆیی و لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەکان بوونی هەیە. ئەو واقیعە لە لایەن هەستەکانی ئێمەوە بەڕێوە نابرێت و پابەندە بە یاسا نەگۆڕەکانەوە.

پێگەی بووناسییانەی پۆزەتیڤیزم دەگەڕێتەوە بۆ ریالیزم. پۆزەتیڤیستەکان هەوڵی تێگەیشتن لە واقیعی کۆمەلایەتی دەدەن، بە هەمان ئەو ڕێگایانەی دەتوانین لە جیهانی سروشتی تێبگەین. لە سروشتدا پەیوەندی 'هۆکار و هۆکرد' لە نێوان دیاردە سروشتشتییەکاندا بوونیان هەیە، بە بڕوای پۆزەتیڤیستەکان ئەمە بۆ دیاردە کۆمەلایەتییەکانیش دروستە (Rehman and Alharthi, 2016, p. 53).

لەناو پارادایمی پۆزەتیڤیستیدا، تیۆرییەکان بنەماکانی لێکدانەوەکانمان بۆ دابیندەکەن. ڕێگا بە پێشبینیکردنی دیاردەکان دەدەن، پێشبینی ڕوودانیان دەکەن، کەواتە ڕێگایان پێدەدەن لە ژێر کۆنترۆلدا بن. ڕوونکردنەوەکان لە پۆزەتیڤیزمدا دەبنە هۆی دامەزراندنی پەیوەندییە هۆکارییەکان لە نێوان گۆڕاوەکاندا، لەڕێگەی دامەزراندی یاسا هۆکارییەکانەوە و هەلهێنجاندن و یەکگرتنیان لەژێر ناونیشانی تیۆرێکدا، بەم پێیە، جیهانی سروشتی و کۆمەلایەتی ڕەچاوکراون لەناو هەندێک یاسای نەگۆڕدا، لەناو زنجیرەی هۆکار و هۆکردەکاندا. تیۆرییەکانیش کۆمەلێک گۆڕاوی پێکەوە بەستراون، یاخود کۆمەلێک پێناسە و پێشنیازن، کە پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان دەستنیشاندەکەن (Collis and Hussey, 2014, p. 44, 48).

**٢,٣,١,١- پاشخانی تیۆریی پارادایمی پۆزەتیڤیزم**

یەکێک لەو تیۆرییانەی ڕەگ و ڕیشەی لەناو پارادایمی پۆزەتیڤیستیدا دەدۆزرێتەوە، تیۆری (ئەرکگەرییە). تیۆری ئەرکگەری دەیەوێت لەو ڕوانگانە نزیکبێتەوە، کە ڕووداوەکانی کۆمەلگا و گۆڕانەکانی ناوی لەسەر بنەمایەک ڕوودەدەن، دەتوانرێت ناسینیان کۆنترۆلبکرێت، هەربۆیە هەندێک کات بە ئاڕاستەی (ئەندازیاریی کۆمەلایەتی) ناودەبرێت، کە تیایدا کۆمەلێک بنەما بۆ پرۆسەی ئەرک و گۆڕانەکان دەستنیشاندەکەن. سەرەتاکانی ئەم تیۆرییە، دەتوانرێت لەناو کارە زانستییەکانی کۆمەلناسەکانی وەکو؛ ئۆگەست کۆمت، هێربێرت سپنسەر، فلفریدۆ پاریتۆدا بدۆزرێتەوە. لەبەر ئەوەی ڕێگا ئەزموونییەکان بە تاکە ڕێگای تێگەیشتن لە جیهانی کۆمەلایەتی دەستنیشاندەکەن، هەربۆیە بیریارانی ئەم تیۆرییە زانستی کۆمەلایەتی لە زانستی سروشتی نزیکدەکەنەوە. هەمان ئەم مەبەست و دیدگایە وا لە کۆمەلناسێکی وەکو دۆرکهایم دەکات، بلێت: "ڕاستییە کۆمەلایەتییەکان وەکو بنەمایەکی نەگۆڕ لەدەرەوەی ئیرادە و چالاکی تاکەکانی کۆمەلگاوە بوونیان هەیە". بێگومان ئامانج لەم بە بابەت ناساندنەی دیاردە کۆمەلایەتییەکان، ئامادەکردنیانە بۆ ئەوەی، بتوانرێت بە ڕێگایەکی ئەزموونی لێکۆلینەوەیان لەبارەوە بکرێت (Burrell and Morgan, 1979, p. 26).

ئەم ڕوانگە پۆزەتیڤیستییە، دواتر لە تیۆری بونیادی ئەرکگەریدا زیاتر بەرەو پێشەوە دەبرێت. تالکۆت پارسۆنز زانایەکی گرنگی ئەم تیۆرییەیە، بە بڕوای پارسۆنز کۆمەلگا لە سیستەمە جیاوازەکان پێکهاتووە، هەروەها هەر سیستەمێک "چوار" فەرمانی ئەرکگەری بەڕێوەی دەبەن، کە بە "سیستەمی کردەکان" ناوی دەبات (Ritzer and Stepnisky, 2018, p. 319).

**٢,٣,١,٢- گریمانەی بووناسییانە:**

پۆزەتیڤستییەکان واقیعی کۆمەلایەتی بە بابەتێکی دەرەکی و سەربەخۆ لە توێژەری کۆمەلایەتی سەیردەکەن.، کەواتە جیهانێک بوونی هەیە و دەتوانرێت بناسرێت. پۆزەتیڤیستەکان بە شێوازێکی ڕەها پێیانوایە، کە ڕاستییەکی تەنها لەبارەی تاکە واقیعێکەوە بوونی هەیە، (یەک واقیع بوونی هەیە)، هەروەها پۆزەتیڤیستەکان باوەڕیان وایە، کە واقیع بابەتی و دەرەکییە بۆ توێژەر، کەواتە تەنها تاکە واقیعێک بوونی هەیە و هەمووکەسێک لە بەرامبەر ئەو واقیعەدا لە درککردندا یەکسانن (Ritzer and Stepnisky, 2018, p. 47).

**٢,٣,١,٣- گریمانەی زانیناسییانە:**

پۆزەتیڤیستەکان بە شوێن زانیناسییەکی بابەتییەوەن، گریمانەی ئەوە دەکەن، کە واقیعی جیهان دەتوانرێت لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و تێبینیکردنی مەیدانییەوە و بەناو میتۆدە زانستییەکاندا بناسرێت، هەروەها پارادایمی پۆزەتیڤیستی پێیوایە، تەنها دیاردەیەک، کە دەتوانرێت تێبینیبکرێت و بپێورێت، لە تواناد هەیە، مەعریفەی دروستی لەبارەوە دەستبخرێت، هەر بۆیە هەوڵی ئەوە دەدەن لە لایەنە بابەتی و سەربەخۆکان لێکۆلینەوە بکەن (Ritzer and Stepnisky, 2018, p. 47).

**٢,٣,١,٤- گریمانەی بەهاناسییانە:**

پارادایمی پۆزەتیڤیستی باوەڕی وایە، کە توێژینەوە پێویستە ئازادبێت لە بەهاکان (value-free). هەربۆیە خۆیان بە سەربەخۆ و دابڕاو دەزانن، لەو دیاردەیەی لێی دەکۆلنەوە، هەروەها پێویستیان بەوەیە، وەک تەنێکی نەگۆڕ لەو دیاردەیە بڕوانن، هەروەها پێیانوایە پارادایمی پۆزەتیڤیستی ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان دوو بابەتدا سەریانهەلداوە، دەکرێت پێش ئەوەی بووبن بە بابەتی لێکۆلینەوە، هەبووبن، هەر بۆیە پێیانوایە، ئەو بابەتەی لێیدەکۆلنەوە، ناکەوێتە ژێر کاریگەری چالاکییەکانی توێژینەوەوە، بەلکو وەکو خۆیان دەمێننەوە پاش تەواوبوونی توێژینەوەکە (Ritzer and Stepnisky, 2018, p. 48).

**٢,٣,١,٥- گریمانەی ڕەوانبێژی:**

پارادایمی پۆزەتیڤیستی پالپشتی بەکارهێنانی زمانێکی فەرمی و زمانێکی ڕاگەیاندنی نادیار (passive) دەکات، بۆ نموونە، لە بری ئەوەی بنووسرێت "وەکو بەشێک لە توێژینەوەکەم، تێبینی گرووپێک لە کارمەندانم کردووە"، دەنووسرێت "وەکو بەشێک لە توێژینەوەکە، تێبینی

ئەنجامدراوە بەسەر گرووپێک لە کارمەنداندا...". ئەمەش لەپێناو تێکەڵنەبوون و بابەتیبوونی توێژەری کۆمەڵایەتییە ( Ritzer and Stepnisky, 2018, p. 48).

**٢,٣,١,٦- گریمانەی لۆجیکی:**

ئەوەی پۆزەتیڤیستەکان لە ڕوانگەی لۆجیکییەوە گریمانەی دەکەن ئەوەیە، "ئەوەی دەربڕینێکی لۆجیکییە، دەبێت زانستی بێت، بۆ ئەوەی زانستی بێت، پێویستە ئەزموونی بێت، وە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین، لە ڕێگەی ئەزموونییەوە لێی بکۆڵینەوە، پێویستە بەردەست بێت، واتە ڕاستی بێت (Bunge, 1996, p. 6)."

**٢,٣,٢- پارادایمی تێگەیشتنی interpretive paradigm**

پارادایمی تێگەیشتنی لەو بیروباوەڕەوە سەرچاوەدەگرێت، کە واقیعی کۆمەڵایەتی ناتوانرێت (ناشێت)، کە بابەتی بێت، بەڵکوو بە تەواوەتی خودییە، چونکە لەسەر بنەمای تێگەیشتنی مرۆڤەکان بونیادنراوە، کە ئێمەین. لەبەر ئەوەی پارادایمی تێگەیشتنی کار بۆ بەکارهێنانی تێگەیشتن لە مانا ئاڵۆزەکانی پشت دیارە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بۆیە کاریان بە میتۆدە ژمارەیی و چەندێتییەکان نابێت، بەڵکوو کۆمەڵێک میتۆدی تێدا دەستەبەرکراوە، کە تایبەتمەندیی (گەڕان و وەرگێڕان و وەسفکردنی ماناکانی پشت دیاردە و دەرکەوتە کۆمەڵایەتیەکانەوە) هەیە (Collis and Hussey, 2014, p. 45).

**٢,٣,٢,١- گریمانەی ئۆنتۆلۆجی:**

پارادایمی تێگەیشتنی پێیانوایە، واقیعی کۆمەڵایەتی خودییە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵایەتییانە پێکهاتووە، کەواتە هەر کەسێک ڕوانگەیەکی جیاوازی لەناو ئەو واقیعەدا هەیە و کۆمەڵە واقیعێک بوونیان هەیە. "ژیان ئەوە نییە، کە ئێمە چۆن دەژیین، بەڵکوو ئەوەیە، کە وێنای دەکەین کە چۆن دەژیین" (Harrison, 2014, p. 226).

**٢,٣,٢,٢- گریمانەی زانیناسی:**

پارادایمی تێگەیشتنی هەوڵی بچووککردنەوەی مەودای نێوان توێژەر و لێتوێژراو دەدەن، هەربۆیە لەوانەیە، کار بە شێوە جیاوازەکانی توێژینەوەی بە بەشداریکردنی توێژەر بکەن. (ئامادەبوونی توێژەر وەک بەشێک لە توێژینەوەکە) (Harrison, 2014, p. 226).

**٢,٣,٢,٣- گریمانەی ئەکسیۆلۆجی:**

پارادایمی تێگەیشتنی پێیوایە، کە توێژەران خاوەنی بەهای خۆیانن، هەتا ئەگەر بە ئاشکراش دروستنەبووبن، هەروەها ئەم بەهایانە دەکرێت، لە پرۆسەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی مانای دیاردە و بەها نەبینراوەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا یارمەتیدەربن، هەربۆیە باوەڕیان وایە، کە توێژەران بە دەست خۆیان نییە و لەگەڵ ئەو توێژینەوەیەدا تێوەدەگلێن، کە ئەنجامی دەدەن، (value-laden). ( Harrison, 2014, p. 226).

**٢,٣,٢,٤- گریمانەی ڕەوانبێژی:**

پارادایمی تێگەیشتنی ئەو شێوازە پەسەنددەکات، کە کاریگەری توێژەری تێدا دەبینرێت و توێژەر پێویست ناکات، ئەو زمانە بشارێتەوە، کە لەگەڵ بەهاکانیدا وابستەیە. لەبەر ئەوەی دیدگا و بیروبۆچوونی توێژەر بە هەند وەردەگیرێت، لەو توێژینەوەیەی ئەنجامی دەدات (بەتایبەتی توێژینەوەکانی تێبینی بە بەشداریکردن کە لە ئەسنۆگرافیدا باوە)، پێویست دەکات، توێژەر لە زمانی خۆیەوە ئەو ئەزموونە بگێڕێتەوە، کە پێیدا تێپەڕیوە. هەر بۆیە لەکاتی خستنەڕووی ئەدەبیاتدا زۆرکات توێژەر ئازاد دەکرێت لە بەکارهێنانی زمانێک، کە ڕۆڵی توێژەری تێدا دەردەکەوێت (Harrison, 2014, p. 226).

**٢,٣,٢,٥- گریمانەی لۆجیکی:**

لەبەر ئەوەی پارادایمی تێگەیشتنی جەختی سەرەکی لە مانای پشت ڕووداوەکان و تێگەیشتنیانە. زیاتر لەوەی جەخت لەسەر زمانێکی فەرمی-ئەزموونەکی بکاتەوە، هەوڵی تێگەیشتن و لێکدانەوەی دیاردە و ڕووداوەکان دەدات، ئەمەش پەیوەستە بە هێمای پشت ڕووداوەکان و زمان و چوارچێوە نەبینراو و نائەزموونییەکانەوە (Bunge, 1996, p. 9).

**٢,٣,٣- پارادایمی ڕەخنەیی critical paradigm**

پارادایمی ڕەخنەیی لە ژێر کاریگەری کارە سەرەتاییەکانی هابەرماس و تارادەیەکی کەمتریش کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵناسە پێشینەکانی وەکو؛ هۆرکهایمەر و ئۆدۆرنۆ و مارکۆزە و فرۆمەوە. بۆچوونی پاڵپشتانی ئەم پارادایمە بە ئەنقەست بۆچوونێکی ڕەخنەیی-سیاسییە، لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسانیخواز لە بەرامبەر تاک و گرووپەکاندا (Cohen et al., 2018, p. 51).

پارادایمی ڕەخنەیی بە ڕەخنەکردنی هەردوو پارادایمی (پۆزەتیڤیستی و تێگەیشتنی) دەستپێدەکات، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەمە، گرنگینەدانی هەردوو پارادایمی پێشووە بە بارووددۆخە سیاسی و ئایدۆلۆجییەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا (Cohen et al., 2018, p. 51).

کەواتە مەبەستی سەرەکی ئەم پارادایمە تێگەیشتنێکی ڕووت نییە بە تەنها لە کۆمەڵگا و گرووپەکان، بەڵکوو گۆڕینیشیانە، هەروەها بەدوای ڕێگایەکدا بۆ ئازادکردنی بێدەسەلاتەکانی کۆمەڵگا و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەگەڕێت و هەوڵدەدات ئازادییەکانی تاک بەرەو پێش بەرێت (Cohen et al., 2018, p. 51).

لەبەر ئەوەی مەبەستی پارادایمی ڕەخنەیی گۆڕینی کۆمەڵگا و تاکەکانی ناویەتی بۆ کۆمەڵگایەکی دیموکراسی، بۆیە زۆرکات بە پارادایمی (گواستنەوەیی transformative) ناودەبرێت. ئەگەر لەم بوارەوە چاولێبکەین، دەبینین مەبەست لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی-ڕەخنەیی،

مەبەستێکی پراکتیزەیی و سیاسییە، بە مەبەستی گەیاندنی کۆمەڵگا بە دادپەروەری و یەکسانیخوازییەکی فراوانتر، کەوا تاکایەتی و ئازادی هاوبەشی تیادا جێبەجێدەکرێت (Cohen et al., 2018, p. 51).

**٢,٣,٣,١- گریمانەی بوونناسی:**

سیاسەتەکان و بەرژەوەندییەکان شێوە بە چەندین بیروباوەڕ و بەهای جیاواز دەدەن، ئەم بیروباوەڕ و بەهایانە، کۆمەڵایەتییانە پێکهاتوون. لەناو ئەو بیروو باوەڕانەدا هەندێک گرنگی بە واقیع دەدەن و هەندێکیان لە بەرامبەریدا کەمتەرخەمن ( Fazlıoğulları, 2012, p. 53).

**٢,٣,٣,٢- گریمانەی زانینناسی:**

سەبارەت بەوەی چۆن دەکرێت، ئەو واقیعە جیاوازانە بناسین، کۆمەڵگاکانی پراکتیک بریاردەدەن، کە چی شتێک بە ڕێگایەکی قبووڵکراوی زانین دەستنیشانبکرێت، کە کاریگەری دەکاتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان توێژەر و ئەو کۆمەڵگایەی توێژینەوەی تیادا ئەنجامدەدرێت، ئەم هاوبەشیانەی نێوانیان لەسەر بنەمای یەکسانی لە هێز و ڕێزدا دروستدەبێت (Fazlıoğulları, 2012, p. 53).

**٢,٣,٣,٣- گریمانەی بەهاناسی:**

ئەو بنەما و مانایانەی لایەنی بەهاناسییانەی توێژینەوەی ڕەخنەیی تێدا دەگونجێندرێت، ڕێگا بە بەرگریکردن لە ڕێز و دادپەروەری دەدات و سوود بە مافخوراوان دەگەیەنێت ، هەروەها توێژینەوە ڕەخنەییەکان تەنها هەڵسەنگێنەر یاخود وەسفی نین و هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن لە کۆمەڵگادا، ئەمەش بەدەر نییە لە بەهاکانی توێژەر (value-laden) (Fazlıoğulları, 2012, p. 53).

**٢,٣,٣,٤- گریمانەی میتۆدناسی:**

ئەو لایەنەی کە چۆن توێژینەوەیەکی ئاڵۆز لەناو واقیعگەلێکی جیاوازدا ئەنجامدەدرێت، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵگایەی، کە بڕیار دەدات، کامانەن ئەو ڕێگا قبووڵکراوانەی توێژینەوەی تێدا ئەنجامدەدرێت، هەروەها میتۆدە ئاڵۆزەکان دەتوانن، تایبەتمەند بن، وەک چۆن ڕێگا بە وچانە چۆنێتییەکان دەدەن، کە لە نێوان بەشداربووانی توێژینەوەکەدا پێکهاتوون (Fazlıoğulları, 2012, p. 53).

**٢,٣,٣,٥- گریمانەی ڕەوانبێژی:**

زمانی وەسفکردن و هەڵسەنگاندن بەکاردەهێنێت، هەروەها زمانێکی ڕەخنەیی بە مەبەستی هێنانەدی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هۆشیارکردنەوە، کەواتە زمانێکی نافەرمی بەکاردەبات (Fazlıoğulları, 2012, p. 51).

**٢,٣,٣,٦- گریمانەی لۆجیکی:**

لۆجیکی پارادایمی ڕەخنەیی، لۆجیکی- دیالێکتیکییە. ئەم لۆجیکە گرنگی بە پشکنین و ڕووبەڕووبوونەوەی پێکهاتەی هێز و دەسەڵات لە کۆمەڵگادا دەدات، هەروەها لە پەیوەندییە هاوسەنگ و یەک لایەنییەکان ناکۆڵێتەوە، وەک لەلای پارادایمی پۆزەتیڤیستی بوونی هەیە، بەڵکوو گرنگی بە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان ئاراستە جیاوازەکانی پێکهێنەری واقیع دەدات، ئەم پرۆسەیەش بە پەیوەندی دیالێکتیکی (تێز، دژە تێز، تێهەڵکێش) ناسراوە (Bunge, 1996, p. 9).

**٢,٣,٤- پارادایمی پراگماتی pragmatic paradigm**

یەکێکی دیکە لە دنیابینییە فەلسەفییەکانی دیکە (پارادایمی پراگماتییە). فەلسەفەی پراگماتیزم لە کارەکانی (پێرس، جەیمس، دیوی)یەوە سەرچاوەی گرتووە. شێوازگەلێکی فەلسەفە هەن (وەک لەم توێژینەوەیەدا خراونەتەڕوو)، بەڵام لە ناویاندا پراگماتیزم ئەو دنیابینییەیە، کە گرنگی بە کردەوە و بارووەدۆخەکان و دەرئەنجامەکان دەدات (Creswell, John W., 2018, p. 58).

بۆ تێگەیشتن لە بنەماکانی ئەم پارادایمە (پراگماتیزم)، پێویستە دوو بیروباوەڕی فەلسەفی لە یەکدی جیابکەینەوە، کە لەناو فەلسەفەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا باوە.

•لایەنگرانی پارادایمەکانی دیکە باوەڕیان بە تاک میتۆدی هەیە، واتە میتۆدی چەندێتی یاخود چۆنێتی بە تەنها قبووڵدەکەن، ئەمانە پێیان دەوترێت، میتۆدناسە پاکخوازەکان (purist methodologists). (کە سەرجەم پارادایمەکانی دیکە جگە لە پراگماتیزم دەگرێتەوە).

•لایەنگرانی پارادایمی پراگماتیزم باوەڕیان بە فرە میتۆدی هەیە، واتە میتۆدی چەندێتی و چۆنێتی پێکەوە لە توێژینەوەیەکدا کۆدەکەنەوە، ئەمانە پێیان دەوترێت، میتۆدناسە فرەیی خوازەکان (pluralist methodologists)، یاخود (پراگماتییەکان) ( Shah et al., 2018, p. 91).

لە وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنانەی لەلایەن میتۆدناسە پاکخوازەکانەوە لێیان دەگیردرێت، مشتومڕێکی گەشەکردوو لەلای پراگماتییەکان دەبینرێت، کە سەرقاڵە بە گۆڕانکاری لە فرەیی لە توێژینەوە و بۆ دوولەتکاری لە نێوان هەریەک لە میتۆدە چەندێتی و چۆنێتییەکاندا، کە پەیوەستبوونی هەردوو میتۆدەکە بە بابەتیبوون و خوودیبوونیانەوە ڕێزلێگیراو دەمێنێتەوە. ئەم بیرۆکانە نە بە داهێنەرانە و نە بە ماندار لە قەڵەم دراون. لە ڕاستیدا میتۆدی چەندێتی و چۆنێتی تەنها گونجێندراون پێکەوە وەکو بیرۆکەیەک (Shah et al., 2018, p. 91). (واتە هیچ بەڵگاندنێکی لۆجیکی و مێتافیزیکیی بۆ نەکراوە).

**٢,٣,٤,١- گریمانەی ئۆنتۆلۆجی:**

جیاواز لە پارادایمە توێژینەوەییەکانی پۆزەتیڤیستی و تێگەیشتنی، کە باوەڕیان بە (تاکە واقیعێک> پۆزەتیڤیم) و (واقیعگەلێک> تێگەیشتنی) هەیە، کە لە توێژینەوەیەکی دیاریکراودا پەیڕەوییان لێ دەکرێت، پارادایمی پراگماتی باوەڕی بە هەردوو (واقیعی تاک) و (فرەواقیعی) وەک هەژمارێک بۆ واقیع هەیە (Shah et al., 2018, p. 91).

**٢،٣،٤،٢- گریمانەی ئەپستمۆلۆجی:** لەوانەیە ئاڕاستەیەکی خودی، بابەتی، زانستی، مرۆڤدۆستی لە هەمان توێژینەوەی زانستی دیاریکراودا بگرێتەبەر، بە مەبەستی سوودبینین لە هەموو ئەم تایبەتمەندییانە، کەواتە خەمی سەرەکی دەستگەیشتنە بە زۆرترین و سوودبەخشترین ڕاستی، تاوەکو باشترین شێوەی ڕاستی، ناسینی ڕاستیترین شێوەی واقیع (Shah et al., 2018, p. 91).

بەم پێیە پارادایمی پراگماتی پێیوایە، هیچکام لە پۆزەتیڤیزم و تێگەیشتنی مانا لە ڕوانگەی بوونناسی و زانینناسییەوە لە ئاستێکی بەرزتردا نین. بەڵکوو زۆر تایبەتمەندی لە نێوانیاندا هاوبەشە لە ڕێنوێنیکردنی توێژینەوەی زانستیدا (Shah et al., 2018, p. 94).

**٢،٣،٤،٣- گریمانەی میتۆدۆلۆجی:**

لە ڕوانگەی ئەو گریمانەگەلەی لەبارەی سروشتی واقیع و سروشتی زانینەوە دەیخەنەڕوو، پراگماتیزم باوەڕی بە چوارچێوەیەکی تیۆری دیاریکراو نییە، کە بەرگری لە میتۆدۆلۆجیایەکی دیاریکراو بکات. ئەوکاتەی میتۆد و ڕێگا سوودبەخشەکانی پارادایمەکانی دیکە لە ڕێگەی یەک پارادایمەوە بەیەکدەگەیەندرێن، ئەم میتۆدۆلۆجیایە بە (میتۆدۆلۆجیای سێگۆشەیی triangulation methodology) ناو دەبرێت. هەروەها لە ڕوانگەی میتۆدۆلۆجیاوە مەبەستی پارادایمی پراگماتی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەیە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا. میتۆدۆلۆجیای سێگۆشەیی، ئەوکاتەیە، کە دیزاینی توێژینەوە میتۆدە تەواوکەرەکانی چۆنێتی و چەندێتی لە هەمان توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن (Collis and Hussey, 2014, pp. 54–56).

**٢،٣،٤،٤- گریمانەی بەهاناسی:**

بە هەمان شێوەی گریمانەکانی پێشوو کە خراونەتەڕوو، پارادایمی پراگماتی بەرگری لە جۆرێکی توێژینەوە دەکات، کە زۆرترین سوود و قازانج بەدەستبخات، جا ئەگەر توێژینەوەیەکی بێلایەن لە بەهای کۆمەڵایەتی و خودی (value-free)، یاخود بەرژەوەندی و تێڕوانینی خودی یان کۆمەڵایەتیانەی توێژەر تێکەڵ بە توێژینەوەکە ببن (value-laden) (Johnson et al., 2014, pp. 157–169).

**٢،٣،٤،٥- گریمانەی ڕەوانبێژی:**

پراگماتییەکان هێندە گرنگی بە ڕێوشوێنە زمانەوانییەکان نادەن، چونکە وەک پێشتر باسکرا، بەدەرن لە بەڵگاندنە لۆجیکی و مێتافیزیکییەکان لەناو پراکتزەکردنی توێژینەوەدا، بۆیە بە بڕوای پراگماتییەکان (چ زمانێکی خودی، یاخود بابەتی)، ناتوانن لەو ڕاستییە بگوڕن، کە سوودبەخشترین زانین و دۆزراوە و هەڵسەنگاندن و وەسفکردن و شیکارکردن و ...هتد لە توێژینەوەکاندا نەبەستراون بە زمانە فەرمی و نافەرمییەکانی توێژینەوەوە، هەربۆیە ئەم پارادایمە گرنگی بە تەکنیکی زمان نادەن، بەڵکو گرنگی بە دەرەنجام و قازانجی توێژینەوە دەدەن (Johnson et al., 2014, pp. 157–169).

**٢،٣،٤،٦- گریمانەی لۆجیکی:**

پێشووتر لە گریمانەکانی (بوونناسی، زانیناسی، میتۆدناسی)دا باسمان لەوە کرد، کە پارادایمی پراگماتی پشت بە بەڵگاندنە لۆجیکی-فەلسەفییەکان نابەستێت، بەڵکو هەوڵی گونجاندنی کردە هاوبەشەکان دەدات لە نێوان ئەو میتۆدانەی پارادایمەکانی دیکە ڕێنوێنیدەکەن لە بواری توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا (چەندێتی و چۆنێتی)، هەر بۆیە، پراگماتیزم لۆجیکی پۆزەتیڤیستی یاخود تێگەیشتنی بەکاردەبات بە پشتبەستن بەو سوود و قازانجانەی لە بواری کردە و پراکتیکی توێژینەوەدا لێیان دەکەوێتەوە، واتە (نە لۆجیکێکی خودی، نە بابەتی)، بەڵکو لۆجیکێکی بەسوود بۆ چارەسەرکردنی کەلەبەرە زانستییەکان (Shah et al., 2018, pp. 93–96).

**٢،٣،٥- پارادایمی فێمینیستی feminist paradigm**

لە ساڵانی ١٩٦٠کانەوە پارادایمی فێمینیستی بەشدارییەکی گرنگیان لە میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی کۆمەڵایەتیدا کردووە بە تایبەتی ڕۆڵێکی گرنگتر لە شێودان بە توێژینەوەی چۆنێتی دەدەن). بێگومان پارادایمی فیمینیستی ژمارەیەکی زۆر لە ڕەخنە دەخەنەڕوو، کە لەوانەیە گرنگترینیان ئەوە بێت، کە دنیابینییە زانستییەکانی دیکە لەسەر دنیابینییەکی نێرینە (masculine) بونیادنراون (Punch, 1998, p. 141).

هاردینگ (١٩٨٧) سێ گرنگترین تایبەتمەندی میتۆدۆلۆجی فێمینیزم جیادەکاتەوە، لەوانە:

یەکەم؛ تیشک خستنەسەر ئەزموونەکانی ژنان، هەروەها سەرچاوە ئەزموونی و تیۆرییە نوێیەکان.

دووەم؛ مەبەستێکی نوێ لە توێژینەوەی زانستی کۆمەڵایەتیدا، کە هەوڵی گواستنەوەی باروودۆخی ژنان دەدات (بۆ ئەوەی ببێتە گۆڕانکاری بۆ ژنان).

سێیەم؛ هەڵبژاردنی بابەتێکی نوێ بۆ توێژینەوە، بە دەستنیشانکردنی شوێنی توێژەر لە دۆخێکی ڕەخنەییدا هەروەکو خودی توێژینەوەکە، کە ڕەخنەییە و هەوڵی گۆڕانکاری دەدات لە کۆمەڵگادا (Burns and Walker, 2005, p. 67).

هەوڵەکان لە پوختەکردن و پۆلێنکردنی دیدگای فێمینیستی سەبارەت بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی زۆرن، بەڵام سێ دابەشکاری هاوبەشی نێوانیان، کە بەکاردەهێنرێن بریتین لە؛ فێمینیستە ئەزموونییەکان، فێمینیستەکان کە بۆچوونەکانیان لەسەر چوارچێوەیەکی زانینناسیانە بونیاد نراون، هەروەها فێمینیستە پۆستمۆدێرنەکان (Punch, 1998, p. 141).

**٢،٣،٥،١- گریمانەی ئۆنتۆلۆجی و ئەپستمۆلۆجی:**

بە درێژایی مێژووی واقیعی کۆمەڵگاکان چەوساندنەوە و ملکەچکردنی ژنان جیاوازبوون، لە دەرئەنجامدا بووەتە هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین گرووپی فێمینیستی جیاواز لەگەڵ تێپەڕینی سەردەمەکاندا، بەڵام سەرەکیترین ئامانجی سەرجەم گرووپە فێمینیستییە جیاوازەکان بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەرییە.

دەتوانرێت لە ڕووی زانیناسییەوە فێمینیزم بەسەر حەوت دیدگای سەرەکیدا پۆلێن بکرێت، ئەوانیش؛ فێمینیزمی ئازادیخواز، فێمینیزمی مارکسیستی، فێمینیزمی سۆشیالیستی، فێمینیستی ڕادیکاڵی، ئیکۆفێمینیزم، فێمینیزمی کلتووری، فێمینزمی ڕەشپێست (black feminism) (Mohajan, 2022, p. 7). بەم پێیەش دەتوانین حەوت واقیعبینی جیاواز جیابکەینەوە.

### ٢,٣,٥,٢- گریمانەی ئەکسیۆلۆجی:

کۆمەڵگا بریتییە لە جێگای جیاوازی بەهایی و ئەخلاق لە نێوان نێر و مێدا، هەر بۆیە بەهای توێژینەوە فێمینیزمییەکان تەنها لە بارەی ژنانەوە نین، بەڵکو لە پێناو ژناندایە، بە ئامانجی هێنانەدی گۆڕانکاری و کرانەوەی ئاسۆکان بە ڕووی ژناندا. کەواتە توێژینەوەی فێمینیستی بەوە ناسراوە، کە تەرخان دەکرێت بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی بەهای جێندەری لەناو واقیع و مەعریفەدا، کەواتە توێژەر تێکەڵ بە بەهای توێژینەوەکە دەبێت (value-laden) (Chugh, 2014, pp. 137–138).

### ٢,٣,٥,٣- گریمانەی میتۆدۆلۆجی:

هەرچەند قورسە جیاکارییەکی ورد بۆ میتۆدۆلۆجیای فێمینیستی بکرێت، دەربارەی میتۆدەکانی بواری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، بەڵام هەیگ Haig(١٩٩٧) چوار تایبەتمەندی هاوبەشی میتۆدۆلۆجیای فێمینیستی جیاکردۆتەوە، کە بریتین لە: یەکەم؛ ڕەتکردنەوەی پۆزەتیڤیزم، دووەم؛ کاریگەریە بەربڵاوەکانی پەیوەندییە جێندەرییەکان، سێیەم؛ کاریگەربوونی زانست بە بەهاکان (The value-laden of science)، گرنگیدان بە میتۆدۆلۆجیایەکی ئازاد و بەدواداچوونێکی پەیوەندی بێ چینایەتی (non-hierarchical) لە پەیوەندییەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا (Punch, 1998, p. 142).

### ٢,٣,٥,٤- گریمانەی لۆجیکی:

پارادایمی فێمینیستی دژەلۆجیکە (ئەو لۆجیکەی لەلای پۆزەتیڤیستەکان و پۆزەتیڤیستە لۆجیکییەکان بوونی هەیە)، لەو ڕوانگەیەوەی لۆجیکی زانستی بەرهەمی ئاراستەی زاڵە، کە لەسەر دیدگایەکی پیاو- سەنتەر دروستبووە، هەروەها لەو لایەنەی بەرهەمی فەلسەفەی پۆزەتیڤیستییە، کە گرنگی بە هارمۆنی کۆمەڵایەتی و هێشتنەوەی جیاوازییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا دەدات، هەربۆیە فێمینیستەکان سوود لە لۆجیکی دیالێکتیکی دەبینن، کە لۆجیکێکی ڕەخنەییە و هەوڵی گۆڕانکاری دەدات (Benton and Craib, 2023, pp. 143–147).

### ٢,٣,٥,٥- گریمانەی ڕەوانبێژی:

فێمینیستەکان دژی زانستی باو، بەهای کۆمەڵایەتی باو، میتۆدی باو، دنیابینییە باوەکانن، هەروەها زمانی دەربڕینی دنیابینیی فێمینیستی لە دنیابینیی ڕەخنەییەوە نزیکە، چونکە هەردوو پارادایمەکە توێژینەوەکانیان بە مەبەستی هێنانەدی گۆڕانکاری و گواستنەوەی کۆمەڵگایە (transformation) لە کۆمەڵگایەکی نادادپەروەرەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دادپەروەر، بەم مەبەستە ڕۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی لە توێژینەوە فێمینیستییەکاندا پارێزراوە، کەواتە زمانێکی نافەرمی بەکار دەبەن (Chugh, 2014, pp. 147–148).

## ٣- پارادایمی فەلسەفی و ڕێنوێنیکردنی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی

## ٣,١ - پارادایمی فەلسەفی و ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی

لە زۆرینەی ئەو سەرچاوە و ئەدەبیاتانەی باس لە میتۆدەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەکەن، پێیانوایە کاتێک توێژەران دەست بە ئەنجامدانی توێژینەوەکانیان دەکەن، دەبێت بەناو چەندین قۆناغی جیاوازدا تێبپەڕن، تاکو توێژینەوەکانیان بە ئەنجام دەگەیەنن. پرۆسەی توێژینەوە لەمرۆدا بەناو شەش هەنگاوی سەرەکیدا بە ئەنجام دەگەیەنرێت، کە ئەمانەن:

یەکەم: دەستنیشانکردنی کێشەی توێژینەوە.

دووەم: پێداچوونەوە بە ئەدەبیات.

سێیەم: ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی توێژینەوە.

چوارەم: کۆکردنەوەی زانیاری.

پێنجەم: شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانیاری.

شەشەم: هەڵسەنگاندنەکان و پێشنیاز و ڕاسپاردەی توێژینەوە (Creswell and Guetterman, 2019, p. 7).

لە ڕووی ڕێنوێنیکردنی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییەوە (لایەنە تەکنیکییەکەی پارادایمی فەلسەفی)، مۆرگان (٢٠٠٧) پێیوایە، پارادایمی فەلسەفی لەڕێگەی گریمانە مێتافیزیکییەکانەوە ڕێنوێنی تەواوی کردەی توێژینەوە دەکات، لەوانە: یەکەم، بڕیاردەدات چۆن توێژەر پرسیارەکانی توێژینەوە دەستنیشاندەکات و دەیانخاتەڕوو. دووەم، ڕێباز و میتۆدی گونجاو بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە (کۆکردنەوە و شیکارکردنی زانیاری) دەستەبەردەکات، بە پشتبەستن بە گریمانە مێتافیزیکییەکانی ناوی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی خستوویەتیەڕوو، هەروەها لە هەمان ڕوانگەوە بریمان (١٩٨٨) پارادایمی فەلسەفی بەو بیروباوەڕە فەلسەفییە بنچینەییانە دەناسێنێت، کە یەکەم، جۆری ئەو کێشانە دیاریدەکات، کە پێویستە بخرێنە بواری توێژینەوەوە. دووەم، چۆن تەواوی توێژینەوە (کۆکردنەوە و شیکارکردنی زانیاری) بە ئەنجام بگەیەنرێت. سێیەم، چۆن ئەنجامەکان بخرێنەڕوو (Shah et al., 2018, p. 92).

کەواتە پارادایمە فەلسەفییەکان ڕێنوێنی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا دەکەن و لە وەڵامدانەوەی سێ جۆری پرسیاری سەرەکیدا یارمەتیاندەدەن، کە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی توێژینەوە لەخۆدەگرێت. لە ڕێنوێنیکردنی کێشەی توێژینەوەدا، یەکەم، پارادایمی فەلسەفی وەڵامی پرسیاری (چی؟) دەداتەوە، ئایا توێژینەوەکە لە چی دەکۆڵینەوە؟ دووەم، پارادایمی فەلسەفی هۆکاری سەرەکییە لە دیاریکردنی ئامانجی توێژینەوەدا، ئەمەش بە وەڵامدانەوەی پرسیاری (بۆ؟)، بۆچی ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدەدیت، ئامانج لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە چییە؟ سێهەم، هەروەها پارادایمە فەلسەفییەکان ڕێنوێنی ئەنجامدانی توێژینەوە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری (چۆن؟)دا دەکەن، کە بە توێژەر دەڵێت، پێویستە توێژینەوە چۆن ئەنجامبدرێت، ئەمەش ڕێنوێنی توێژەر دەکات لە هەڵبژاردنی میتۆد و کەرەستە زانستییەکان و کۆکردنەوە و شیکارکردنی زانیاریدا (Walliman, 2006, p. 30).

## ٣,٢- پارادایمی فەلسەفی و دەستپێکەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی

### دەستپێک؛

وەک لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا لە ڕێنوێنیکردنی کێشەی توێژینەوە و پرسیارەکانی توێژینەوەدا، پارادایمە فەلسەفییەکان ڕێنوێنی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە وەڵامدانەوەی پرسیاری (چی؟)دا دەکەن، واتە ئەو بابەتە (کێشەیە) چییە لێیدەکۆڵێتەوە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە چۆن دابڕێژین. کێشەی توێژینەوەش "سەرەتاییترین هەنگاوی ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتییە، کە هەوڵدەدات ئەو کەلێنانەی لە مەعریفەی زانستدا هەیە لە ڕێگەی پرسیارەکانی توێژینەوەوە ڕوونبکاتەوە"، هەروەها لە وەڵامدنەوەی پرسیاری (بۆ؟)دا پارادایمی فەلسەفی ڕێنوێنی ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەکات، کە لە خوارەوە خراونەتەڕوو (Walliman, 2006, p. 30).

### ٣,٢,١- پارادایمی پۆزەتیڤیستی و داڕشتنی بیرۆکە و ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی

پارادایمی پۆزەتیڤیستی لە ڕێنوێنیکردنی پرسیارەکانی توێژینەوەدا پشت بە گریمانە مێتافیزیکییەکان دەبەستێت، هەروەها ڕێساگەلێک لە ئاڕاستەکردنی پرسیارەکانی توێژینەوەدا دەگرێتەبەر و گریمانەکان سەبارەت بەو واقیعە تاکەی لێیدەکۆڵێتەوە بونیاددەنێت، لەوانە؛

١- دەرخستنی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان.

٢- پێویستە چەمکەکان ڕوون و ئاشکرابن.

٣- پێویستە ئەو گۆڕاوانە بتوانرێت بە ڕێگای ئەزموونی تاقیبکرێنەوە و ڕاستی و دروستییەکەیان بسەلمێنرێن، یاخود بە هەڵەبخرێنەوە.

#### ٣,٢,١,١- گریمانە مێتافیزیکییەکان و ئاڕاستەکردنی کێشەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی:

**بوونناسی:** پارادایمی پۆزەتیڤیستی لەبەر ئەوەی (بە شێوازێکی نەگۆڕ) لە گۆڕاوەکان دەڕوانێت، بۆیە هەر گریمانەیەک سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو دادەمەزرێنێت و پێیوایە نەگۆڕ و جێگیرن و دەتوانرێت تاقیبکرێنەوە.

**زانینناسی:** لەم ڕوانگەیەوە دەبێت بە شێوازێکی بابەتی نەک خودی، لە دەرەوە و بەبێ تێکەڵکردنی ئەزموونەکانمان ئەو گریمانەیە تاقیبکەینەوە.

**بەهاناسی:** لەم ڕوانگەیەوە هەبوون یان نەبوونی توێژەر نابێت کاریگەری لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەی گریمانەکان هەبێت، توێژەر لەدەرەوەی توێژینەوەکەیە (value-free).

**میتۆدناسی:** ئەو گریمانانە لە ڕووی داتای چەندێتییەوە تاقیدەکرێنەوە و ئەنجامەکانیان ڕوون و ئاشکرا دەبن.

**ڕەوانبێژی:** گریمانەکان بە زمانێکی فەرمی دەردەبڕدرێن و لە هەموو زمانێکی خودی و نافەرمی دەپارێزرێن ( Collis and Hussey, 2014, p. 105).

#### ٣,٢,١,٢- گریمانە مێتافیزیکییەکان و ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی:

ئامانجی توێژینەوە یەکێکە لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی توێژینەوە، کە لەلایەن پارادایمەکانەوە ڕێنوێنیدەکرێت. پارادایمی پۆزەتیڤیستی ڕێنوێنی جۆرێک لە ئامانجی توێژینەوە دەکات، کە بە پشتبەستن بە گریمانە مێتافیزیکییەکان دەیانخەینەڕوو:

**بوونناسی:** ئامانج لە توێژینەوەی پۆزەتیڤیستی لێکۆڵینەوەیە لە تاکە واقیعێکی نەگۆڕ.

**زانینناسی:** بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەی پۆزەتیڤیستی، زانین لەڕێگەی لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکانەوە بەدەستدەهێنرێت.

**بەهاناسی:** ئامانج لە توێژینەوەی پۆزەتیڤیستی پێویستە پارێزراو بێت لە بەها گشتی و کەسییەکان (value-free).

**ڕەوانبێژی:** ئامانجەکان پێویستە بە زمانێکی فەرمی بنووسرێن و ئاماژەی کەسییان تێدا نەبێت (Collis and Hussey, 2014, p. 105).

### ٣,٢,٢- پارادایمی تێگەیشتنی و داڕشتنی بیرۆکە و ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی

#### ٣,٢,٢,١- گریمانە مێتافیزیکییەکان و کێشەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی:

**بوونناسی:** کێشەی توێژینەوە لە ڕوانگەی پارادایمی تێگەیشتنی ماناوە بەو ڕێگایە دادەڕێژرێت، کە لە پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو بکۆڵێتەوە، بەڵکوو ڕەچاوی جیاوازییە فراوانەکانی کۆمەڵگا دەکات و ڕێگا بۆ دۆزینەوەی ئەو گۆڕاوانە یاخود (واقیعە جیاوازانە) خۆشدەکات.

**زانینناسی:** توێژەر دەیەوێت بە ڕێگەیەکی خودی نەک بابەتی، لەو واقیعە جیاوازانە بڕوانێت و هەوڵی زانینیان بدات، لەسەر بنەمای ئەزموونە کەسییەکانی خۆی.

**بەهاناسی:** پارادایمی تێگەیشتنی مانا باوەڕی وایە، بەها کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی توێژەر نەک کاریگەرییان بەسەر داڕشتنی پرسیارەکانی توێژینەوەوە دەبێت، بەڵکو لە تێگەیشتنیشیاندا هاوکاردەبن (value-laden).

**میتۆدناسی:** ئەم پارادایمە هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاریە چۆنێتییەکان (نا ژمارەییەکان) دەدات، چونکە باوەڕی وایە، دەتوانین لە ڕێگەی مانای دیاردەکانەوە نەک زانیاریە چەندێتییەکان، لە دیاردە مرۆییەکان تێبگەین.

**ڕەوانبێژی:** پرسیارەکانی توێژینەوە بەدوای پێناسەکردنی چەمکەکاندا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرادا ناگەڕێت، بەڵکو دەیەوێت بە زمانێکی خودی و لەسەر بنەمای ئەزموونی توێژەر دابڕێژرابن (Alharahsheh and Pius, 2020, pp. 41–43).

## ٣,٢,٢,٢- گریمانەی مێتافیزیکی و ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی:

**بووناسی:** پارادایمی تێگەیشتنی مانا بە شێوازێکی هەمەچەشن یاخود فرە واقیع، لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی دەڕوانێت.

**زانیناسی:** توێژەر هەوڵدەدات، بە ڕێگای ئەزموونەکانی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بکۆڵێتەوە، کەواتە دەکرێت ئامانجەکان لەسەر بنەما و ئەزموونە خودییەکان دامەزرابن.

**بەهاناسی:** توێژەر دەیەوێت، ببێت بە بەشێک لە بابەتەکە و پێیوایە لە ڕێگەی ئەم تێوەگلانەوە پێویستە لە مانای دیاردەکان تێبگەین (value-laden).

**لۆجیکی:** پێویستە بە لۆجیکی لێخوێندنەوەیی (لە بەشەوە بۆ گشت) ئامانجەکان دابڕێژرێن، هەروەها پێویستە لە ڕێگەی تێگەیشتن و میتۆدی چۆنێتییەوە بکۆڵینەوە و ئامانجەکان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (بۆ، چۆن) داڕێژرابن.

**ڕەوانبێژی:** توێژەر وەکو بەشیک لە بابەتەکە خۆی پیشاندەدات و زمانێکی دەربڕینی نافەرمی بەکاردەهێنێت (Alharahsheh and Pius, 2020, pp. 41–43)

## ٣,٢,٣- پارادایمی ڕەخنەیی و داڕشتنی بیرۆکە و ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی

## ٣,٢,٣,١- گریمانەی مێتافیزیکی و پرسیارەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی:

**بووناسی:** پێویستە کێشە هەمەچەشنەکانی واقیع پیشانبدات.

**زانیناسی:** پێویستە توێژەر هەوڵی ناسینی ئەو واقیعە لە ڕێگەی ئەزموونە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانیەوە بدات، کەواتە دەکرێت پرسیارەکان بە شێوازێکی (خودی) داڕێژرابن.

**بەهاناسی:** پێویستە زمانی ڕەخنەیی توێژەر لە داڕشتنی پرسیارەکاندا بەدیبکرێت، واتە بەهاکانی توێژەر تێکەڵ بە توێژینەوە دەبن (value-laden).

**ڕەوانبێژی:** پارادایمی ڕەخنەیی زمانێکی نافەرمی و ئاڕاستەکەر لە داڕشتنی پرسیارەکانی توێژینەوەدا بەکاردەهێنێت (Asghar, 2013, pp. 3121–3127).

## ٣,٢,٣,٢- گریمانەی مێتافیزیکی و ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی:

**بووناسی:** ئامانجەکان ئاماژە بە تاکە واقیعێک ناکەن، بەڵکو هەوڵی تێگەیشتن و گۆڕینی ژمارەیەکی بەرفراوان لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن، لەوانە؛ جیهانگیری، نایەکسانی و جووڵانەوە کۆمەڵایەتییەکان.

**زانیناسی:** پارادایمی ڕەخنەیی ئامانجەکانی توێژینەوە بە ڕێگایەکی (خودی-ڕەخنەیی) دەخاتەڕوو و هەوڵی گۆڕینیان دەدات.

**بەهاناسی:** پارادایمی ڕەخنەیی بەها کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییەکان تێکەڵ بە زمانی داڕشتن دەکات لە تێگەیشتن و ڕەخنەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا (value-laden).

**ڕەوانبێژی:** بە زمانێکی نافەرمی ئامانجەکان دادەڕێژێت و هەوڵی بەکارهێنانی وشەکان بە شێوازێکی پێناسەکراو نادات (Aryal, 2023, p. 115).

## ٣,٢,٤- پارادایمی پراگماتی و داڕشتنی بیرۆکە و ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی

پێشتر و لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەدا باسمان لەو گریمانە مێتافیزیکییانە کردووە، کە لەلایەن پارادایمی پراگماتییەوە دەخرێنەڕوو، هەربۆیە هەرچەند لە ئەدەبیاتی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا چۆنێتی داڕشتنی کێشەی توێژینەوە نەخراوەتەڕوو، بەڵام لە کتێبەکەیدا (میتۆدی ئاوێتە: یەکگرتنی توێژینەوەی چۆنێتی و چەندێتی)، کریسوێل (٢٠٢١) کۆمەڵێک تایبەتمەندی دەستنیشاندەکات، کە لەلایەن پارادایمی پراگماتییەوە ڕێنوێنی دەکرێن، لەوانەش؛

**بووناسی:** پێویستە پرسیارەکان هەردوو تایبەتمەندی (پارادایمی پۆزەتیفیستی>تاکە واقیع) و (پارادایمی تێگەیشتنی مانا> فرە-واقیعی) تیادا بەدیبکرێت.

**زانیناسی:** پرسیارەکان پێویستە بانگەشەی هەردوو جۆرەکەی زانین (خودی و بابەتی) تێدابێت.

**بەهاناسی:** دەکرێت پرسیارەکانی توێژینەوە حوکمی بەهایی و خۆپاراستن لە حوکمە بەهاییەکانی تێدابێت.

**ڕەوانبێژی:** دەکرێت زمانی نووسینی پرسیارەکانی توێژینەوە (فەرمی یاخود نافەرمی بن) (Creswell, 2021, pp. 8, 43–47).

هەروەک لە بنچینە سەرەکییەکانی پارادایمی پۆزەتیفیستیدا بەدیدەکرێت، بە بڕوای کریسوێل پارادایمی پراگماتی ڕێنوێنی بەکارهێنانی گریمانەی زانستی دەکات، بەمەبەستی تاقیکردنەوەی لە کاتی کۆکردنەوە و تاوتوێکردنی زانیاریە چەندێتی و ژمارەییەکاندا.

هەروەها لە خستنەڕووی ئامانجەکانی توێژینەوەدا، کریسوێل لە کتێبەکەیدا هەمان ئەو خەسڵەتانەی لە پرسیارەکانی توێژینەوەدا هەیە، بۆ ئامانجەکانی توێژینەوەش دادەنێت، لەگەڵ ئەوەش جگە لە ئامانجی توێژینەوە، پێویستە (مەبەستی توێژینەوە) لە بەکارهێنانی لە کارکردن بە

پارادایمی پراگماتی ڕوونکرێتەوە، کە هەردوو (لۆجیکی پۆزەتیڤیستی>هەڵهێنجاندن) و (لۆجیکی تێگەیشتنی مانا> لێخوێندنەوەیی) بەکاردەبات (Creswell, 2021, pp. 8, 14).

### ٣,٢,٥- پارادایمی فێمینیستی و داڕشتنی بیرۆکە و ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی

داڕشتنی بیرۆکە و پرسیارەکانی توێژینەوەی فێمینیستی ئەم تایبەتمەندییانە لەخۆ دەگرێت؛

**بوونناسی:** پرسیارە فێمینیستییەکان سەبارەت بە پرسە جێندەرییەکانن و پەیوەستن بە فرە-واقیعی یەوە.

**زانینناسی:** پێویستە توێژینەوە فێمینیستییەکان پرسیار سەبارەت بە ڕاستێتی مەعریفە بکەن، ئەمەش بەمانای ئەوە دێت، کە زانین یاخود مەعریفە بەڕێگایەکی خودی نەک بابەتی، بەدەستدەهێنرێت.

**بەهاناسی:** پرسیارەکان تایبەتمەندی بەرگریکردن لە مافی ڕەگەزێکی (sex) دیاریکراویان تێدایە، کە ڕەگەزی (مێ)یە، واتە بەها کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی تێدا دەردەکەون (value-laden).

**ڕەوانبێژی:** پرسیارەکان بە زمانێکی نافەرمی دەردەبڕدرێن و تایبەتمەندی ئاڕاستەکردنیان تێدایە (Cohen, 2007, pp. 34–41).

### ٣,٢,٥,١- گریمانەی مێتافیزیکی و ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی:

**بوونناسی:** ڕووبەڕووی واقیعی زاڵ دەبێتەوە، هەروەها لە پێناو گۆڕینی ئەو واقیعەدا دادەڕێژرێن.

**زانینناسی:** پارادایمی فێمینیستی ئامانجەکانی بە ڕەتکردنەوەی (زانینی بابەتی) دادەڕێژێت و بە بەرهەمی کۆمەڵگایەکی پیاوسالار و زانینێکی پۆزەتیڤیستی دەبینێت.

**بەهاناسی:** ئامانج لە توێژینەوەی فێمینیستیدا بە ڕێگای تێکەڵکردنی بەها کەسی و کۆمەڵایەتییەکان دادەڕێژرێن و تیایدا بەرگری لە مافی (ژنان) دەکرێت، واتە حوکمە بەهاییەکانی توێژەر تێکەڵ بە ئامانجەکانی توێژینەوە دەبن (value-laden).

**ڕەوانبێژی:** زمانی داڕشتنی ئامانجەکانی توێژینەوەی فێمینیستی زمانێکی ڕەخنەکارانەیە و بە شێوازێکی نافەرمی و بە پێچەوانەی زمانی باوی زانستی-پۆزەتیڤیستی دادەڕێژرێن (Cohen, 2007, pp. 34–41).

## ٣,٣- لە پارادایمی فەلسەفییەوە بۆ میتۆدناسی و میتۆد و دیزاینی* توێژینەوەی کۆمەڵایەتی

کاتێک باس لە پارادایمی فەلسەفی لە ڕێنوێنیکردنی دیزاینی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا دەکەین، مەبەستمان لە چۆنێتی ئەنجامدانی توێژینەوەیە بە شێوازێکی کردەکی، هەروەها لە بواری کردەی توێژینەوەدا پارادایمە فەلسەفییەکان ڕێنوێنی دیزاینی توێژینەوە دەکەن (Collis and Hussey, 2014, p. 59).

وەک لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕوو، مەبەست لە پارادایمی فەلسەفی بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی بیرکردنەوەیە، بە گریمانەکانی؛ بوونناسی، زانینناسی، بەهاناسی، ڕەوانبێژی، لۆجیکی، هەروەها میتۆدناسی. میتۆدناسیش بریتییە لە پرۆسەی پێشنیازکردنی میتۆدە زانستییەکان بە ڕەچاوکردنی سەرجەم گریمانە مێتافیزیکییەکانی دیکە، ئەرکی میتۆدە جیاوازەکانیش (چەندێتی، چۆنێتی، ئاوێتە)، پێشنیازکردنی ئامرازی گونجاوە لە کۆکردنەوەی زانیاری و لە پرۆسەی خستنەڕوو و شیکارکردنی زانیاریدا. بەوەرگرتنی سەرجەم گریمانە مێتافیزیکییەکان لە ڕێگەی بیروباوەڕی فەلسەفییەوە، میتۆدناسیش دەبێت بە پردی بەستنەوەی نێوان ئەو بیروباوەڕانە لە لایەک و ئەو ڕێوشوێن و میتۆدانەی (چەندێتی، چۆنێتی، ئاوێتە)، لە پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا (McGregor and Murnane, 2010, p. 420). دیزاینی توێژینەوەش بریتییە لە داڕشتنی ڕێوشوێنەکانی بواری کردەی توێژینەوە و لە گریمانەی میتۆدناسی پارادایمییەوە دەستپێدەکات و میتۆدێکی پێشنیازکراو (چەندێتی، چۆنێتی، ئاوێتە) بە ڕێوشوێنی پارادایمی (گریمانە مێتافیزیکییەکان) دەخاتە نێو پرۆسەی دیزاینەوە (McGregor and Murnane, 2010, p. 420).

### ٣,٣,١- لە میتۆدناسییەوە بۆ میتۆد

بەکارهێنەرانی ئەم چەمکانە زۆرکات ئەم دوو چەمکە بە تێکەڵاوی بەکاردەبەن، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم دوو چەمکە هەمان شت نین. میتۆدناسی شێوە بە تەواوی پرۆسەی کۆکردنەوەی مەعریفە دەدات بە ڕێگا جیاوازەکان، بەڵام میتۆدەکان ڕێگایەکی دیاریکراون لە کۆکردنەوە و شیکارکردنی زانیاریدا، کەواتە ئەم گریمانە فەلسەفییە (میتۆدناسی)، سەرجەم بیرۆکە فەلسەفییەکانی پارادایمی فەلسەفی (گریمانە فەلسەفییەکانی دی) لەبەرچاو دەگرێت و پردی بەستنەوەی سەرجەم تێڕوانینە فەلسەفییەکانە بە پرۆسەی پراکتیکی توێژینەوەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پێشنیازکردنی میتۆدەکانەوە (چەندێتی، چۆنێتی) بۆ ناو پراکتیکی توێژینەوە (McGregor and Murnane, 2010, p. 420).

### ٣,٣,٢- جۆرەکانی میتۆدی توێژینەوە

**میتۆدە چەندێتییەکان**

میتۆدی وەسفی، میتۆدی تاقیکاری، میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک، میتۆدی بەراوردکاری-چەندێتی، میتۆدی چەندێتی-مێژوویی.

**میتۆدە چۆنێتییەکان**

میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک، میتۆدی شیکاری بابەت، میتۆدی ئەسنۆگرافی، میتۆدی فینۆمینۆلۆجی، میتۆدی زەمینەسازی تیۆری، میتۆدی مێژوویی- چۆنێتی، میتۆدی بەراوردکاری-چۆنێتی، میتۆدی شیکاری گفتوگۆ، میتۆدی شیکاری بار، میتۆدی شیکاری چوارچێوە.

---

* دەتوانرا لە بری وشەی (دیزاین **Design**) وشەی (نەخشاندن) بەکار بهێنرێت لە توێژینەوەکەدا، بەڵام بەگوێرەی تێبینیکردنی توێژەر وشەی (دیزاین) زۆر بەربڵاوترە لەناو ئەدەبیات و ئەکادیمیای کوردیدا، هەربۆیە وشەی (دیزاین) لە تەواوی ئەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە.

ئەو توێژینەوانەی میتۆدە چەندێتییەکان بەکاردەبەن پێیان دەوترێت (توێژینەوە چەندێتییەکان)، هەروەها ئەو توێژینەوانەی میتۆدە چۆنێتییەکان بەکار دەبەن پێیان دەوترێت (توێژینەوە چۆنایەتییەکان)، هەروەها ئەو توێژینەوانەی (میتۆدی چەندێتی و چۆنێتی) لە توێژینەوەیەکدا کۆدەکەنەوە، بە (توێژینەوە ئاوێتەکان mixed method) ناودەبرێن، کەواتە سێ جۆر لە دیزاینی توێژینەوە بوونی هەیە، کە بریتین لە (دیزاینی توێژینەوەی چەندێتی)، (دیزاینی توێژینەوەی چۆنێتی)، (دیزاینی توێژینەوەی ئاوێتە). (Bryman, 2012).

## ٣،٣،٣- دیزاینی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و جۆرەکانی لەسەر بنەمای پارادایمی فەلسەفی

دەتوانرێت سێ بەکارهێنانی جیاوازی دەستەواژەی "دیزاینی توێژینەوە" لە ناو ئەدەبیاتی زانستەکاندا جیابکرێتەوە. لێرەدا بە نزیکەیی لە مانا گشتییەکانییەوە بۆ مانا تایبەتییەکەی باسی لێوە دەکرێت. گشتیترین مانای ئەم دەستەواژەیە، بەمانای بەشداربوونی هەموو ئەو بابەتانە دێت، کە لە پرۆسەی پلاندانان و جێبەجێکردنی توێژینەوەدا بەشدارن. هەر لە دیاریکردنی ناسنامەی کێشەی توێژینەوەوە، تاکو دەرهێنانی ئەنجامەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی توێژینەوە (Punch, 1998, p. 66).

لەم ڕوانگەیەوە دیزاینی توێژینەوە پێگەی توێژەر دیاری دەکات لەناو جیهانی ئەزموونیدا، هەروەها پرسیارەکانی توێژینەوە بە زانیارییەکانەوە دەبەستێتەوە. ئەگەر زۆرتر و تایبەتتر ڕوونیبکەینەوە، دیزاینی توێژینەوە پلانێکی بنچینەییە بۆ توێژینەوەیەک، کە چوار بیرۆکەی سەرەکی لەخۆ دەگرێت؛

یەکەم: ستراتیجی توێژینەوە.

دووەم: چوارچێوەی بیرۆکەیی.

سێیەم: پرسی ئەوەی کێ؟ یاخود چی؟ توێژینەوەی لە بارەوە دەکرێت.

چوارەم: سەرقاڵە بە دەستنیشانکردنی ئەو ئامراز و ڕێکارانەی، کە بەکاردەهێنرێن بۆ کۆکردنەوە و شیکارکردنی زانیارییەکانی کەرەستە ئەزموونییەکان (میتۆدە زانستییەکان) (Punch, 1998, p. 66).

ئەم چوار پێکهێنەرەی دیزاینی توێژینەوە پێکەوە ئەرکی دیاریکردنی پێگەی توێژەر لە جیهانی ئەزموونیدا دەگرنەئەستۆ، کەواتە دیزاینی توێژینەوە لە ناوەڕاستی پرسیارەکانی توێژینەوە و زانیارییەکاندایە، بە پیشاندان و بەستنەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە و بەستنەوەشی بەو زانیاریانەی بەدەستیدەهێنێت، هەروەها بە دەستنیشانکردنی ئەو میتۆدانەی بۆ وەڵامدانەوەیان بەکاریاندەهێنێت. بەم جۆرەش پێویستی بەوەیە شوێن پرسیارەکانی توێژینەوە بکەوێت و لەگەڵ زانیارییەکاندا بیانگونجێنێت. لەبەرئەوەی ستراتیجیەتی توێژینەوە (لۆجیکی توێژینەوە)، بە دڵی دیزاینی توێژینەوە دادەنرێت، بۆیە هەندێک کات لە بری دەستەواژەی "دیزاینی توێژینەوە"، دەستەواژەی "دیزاینی ستراتیجی" بەکاردەهێنرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چەمکی "دیزاین" مانایەکی فراوانتری هەیە لە چەمکی "ستراتیجی" و چوار هەنگاوی سەرەکی دەگرێتەوە، کە "ستراتیجیەتی توێژینەوە (لۆجیکی توێژینەوە)" یەکێکە لەوانە (Punch, 1998, p. 66-67)

**سێ جۆری دیزاینی توێژینەوە:**

ڕێگایەکی نەگۆڕ لە دیزاینکردنی توێژینەوەدا بوونی نییە و پێویستە ئامانجەکانی توێژینەوە لایەنی میتۆدۆلۆجیای توێژینەوە دەستنیشانبکەن، کە لە ئەنجامدا دیزاینی توێژینەوەی چەندێتی، دیزاینی توێژینەوەی چۆنێتی، یاخود لە دیزاینی توێژینەوەی ئاوێتەدا ئەنجام دەدرێت.

**دیزاینی توێژینەوەی چەندێتی:** ئەگەر پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوە شیاوی ئەوەبن بە ڕێگایەکی لۆجیکی (هەڵهێنجاندن) بەدەستبهێنرێن (وەک ئەوەی پارادایمی پۆزەتیڤیزم ڕێنوێنی دەکات)، ئەوا دیزاینی توێژینەوەی چەندێتی بەکاردەهێنرێت.

**دیزاینی توێژینەوەی چۆنێتی:** ئەگەر پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوە بەشێوازی (لۆجیکی لێخوێندنەوەیی) (یاخود دیالێکتیکی) نەخشێندرابێت، ئەوا دیزاینی توێژینەوەی چۆنێتی بەکاردەهێنرێت (پارادایمی تێگەیشتنی مانا) (پارادایمی ڕەخنەیی).

**دیزاینی توێژینەوەی ئاوێتە:** ئەگەر پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوە ئاماژە بە پێویستی بەکارهێنانی هەردوو لۆجیکی (هەڵهێنجاندن و لێخوێندنەوەیی) بکەن، ئەوا دیزاینی توێژینەوەی ئاوێتە بەکاردەهێنرێت (Cohen et al., 2018, pp. 173–201).

➢ **جۆرەکانی دیزاینی توێژینەوەی ئاوێتە:**

سێ جۆری سەرەکی لە دیزاینی توێژینەوەی ئاوێتە بوونیان هەیە، کە بریتین لە:

**یەکەم: دیزاینی ئاوێتەی لێک نزیک Convergent design**

زانیارییە چەندێتی و چۆنێتییەکان بە سەربەخۆ لەیەکدی کۆدەکاتەوە و شیکاردەکات و پاشان بەراوردیان دەکات بەیەکدی.

**دووەم: دیزاینی ڕوونکردنەوەیی بەدواییەکداهاتوو Explanatory sequential design**

لەم جۆرە دیزاینەدا، زانیارییە چەندێتییەکان کۆدەکرێنەوە و شیکاردەکرێن و پاشان لەسەر بنەمای ئەنجامە چەندێتییەکان، زانیارییە چۆنێتییەکان کۆدەکرێنەوە و شیکار دەکرێن، هەروەها خاڵە بنچینەییەکانی نێوان هەردوو ئەنجامی چەندێتی و چۆنێتی لێکدەدرێن و بەراورد دەکرێن.

**سێیەم: دیزاینی دۆزینەوەیی بەدواییەکداهاتوو Exploratory sequential design**

لەم جۆرە دیزاینەدا، سەرەتا زانیارییە چۆنێتییەکان کۆدەکرێنەوە و شیکار دەکرێن، پاشان لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەی چۆنێتی زانیارییە چەندێتییەکان کۆدەکرێنەوە و شیکار دەکرێن، پاشان ڕێکارەکانی دواتری توێژینەوەی چەندێتی ئەنجام دەدرێن، وەکو؛ تاقیکردنەوەی گریمانە، سەرئەنجام ئەنجامە دۆزراوەکان دەخرێنەڕوو (Creswell, 2021, pp. 51–58).

# دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## ٤- خستنەڕووی ئەنجامەکان و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاری توێژینەوەکە

### ٤,١- دنیابینی پۆزەتیڤیستی پرۆسەی توێژینەوە لە ماستەرنامەکاندا

**دەستپێک:**

لەم باسەدا باس لە پەیوەندی نێوان پارادایمی پۆزەتیڤیستی و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەکەین، لەو توێژینەوە کۆمەڵایەتییانەی دنیابینییەکی پۆزەتیڤیستییان لە پشتەوەیە. ئەم توێژینەوە کۆمەڵایەتییانە لە هیچ شوێنێکدا ئاماژەیان بە دنیابینیی فەلسەفی پشتپێبەستراو نەکردووە، بەڵام لە ئاستی پراکتیکی توێژینەوەکانیاندا پشتبەستنیان بە دنیابینیی پۆزەتیڤیستی پشتڕاست کردۆتەوە، ئەمەش بە دوو ڕێگا؛

یەکەم: ئەو توێژینەوانەی لەئاستی گریمانەی میتۆدناسیدا ئاماژەیان بەوە کردووە توێژینەوەکە چەندێتییە.

دووەم: ئەو توێژینەوانەی هەرچەند لەئاستی گریمانەی میتۆدناسیدا جیاکارییان نەکردووە، بەڵام لەڕێگای بەکارهێنانی میتۆدە تاکەکانەوە، میتۆدێکی چەندێتی یاخود زیاتری چەندێتییان بەکارهێناوە، بەمەش لەئاستی میتۆدناسیدا بە توێژینەوەیەکی چەندێتی جیادەکرێنەوە و دواجار بە ئێمە دەڵێن دنیابینیی توێژینەوەکان دنیابینییەکی پۆزەتیڤیستییە.

بەم پێیە، هەڵدراوە بەپشتبەستن بەو تێگەیشتنانەی ئەم دنیابینییە لە ڕێنوێنیکردنی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا لە ئاستەکانی؛ بووناسی، زانیناسی، میتۆدناسی، لۆجیکی، بەهاناسی، هەروەها ڕەوانبێژیدا دەیخاتەڕوو، تێبگەین و هەڵسەنگاندن بۆ ئەم توێژینەوانە بکەین.

### ٤,١,١- دنیابینیی پۆزەتیڤیستی و سەرەتاکانی توێژینەوە لە ماستەرنامەکاندا

مەبەست لە دنیابینیی پۆزەتیڤیستی ئەو دنیابینییە فەلسەفییەیە، کە لە باسەکانی سەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا خوستوومانەتەڕوو، هەروەها سەرەتاکانی توێژینەوەش لەم توێژینەوەیەدا (بیرۆکەی توێژینەوە 'کێشەی توێژینەوە' و ئامانجی توێژینەوە)ی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، هاوکات لەم توێژینەوەیەدا باسی پارادایمی پۆزەتیڤیستی و ڕێنوێنیکردنی سەرەتاکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیمان کردووە. دنیابینیی پۆزەتیڤیستی ڕێنوێنی دارشتنی بیرۆکە و ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەکات لە ڕێگەی سەرجەم گریمانە فەلسەفییەکانەوە، چۆنێتی ڕەنگدانەوەی ئەم دنیابینییە لە توێژینەوەکاندا جیاوازە، لێرەشدا هەوڵمانداوە لەو جیاوازییانە تێبگەین، هەر بەپێی ئەم جیاوازییانە دابەشمانکردوون بەسەر دوو کاتیگۆریدا؛ یەکەم، ئەو توێژینەوانەی ئەم ڕێنوێنییەی دنیابینییەکەیان گواستۆتەوە سەر پراکتیزەی توێژینەوەکانیان. دووەم، ئەو توێژینەوانەی بە چەندین هۆکاری جیاواز لەم ڕێنوێنییانە دوورکەوتوونەتەوە، لێرەدا تێگەیشتنمان بۆ ئەو هۆکارانە کردووە.

یەکێک لەو توێژینەوانەی لە ڕووی لۆجیکییەوە تووشی هەڵە بەکارهێنانی دنیابینیی پۆزەتیڤیستی بووەتەوە، توێژینەوەکەی **(عبدالکریم خدر، ٢٠٢٢)** ، ناونیشانی توێژینەوەکەی بریتییە لە:

**"ئاستەنگەکانی بەردەم پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان-عێراق"**

پرسیاری توێژینەوەکەی:

**"چی ئاستەنگییەک هێندە کاریگەری هەیە، کە پەرلەمان ناتوانێت بەپێی پێویست هەڵبستێت بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و ئەو بەرپرسیارێتییە گرنگەی لەئەستۆیەتی؟"** (رسول، ٢٠٢٢، لا. ٦)

دنیابینیی پۆزەتیڤیستی باوەڕی بە گەڕان بەدوای پەیوەندییە هۆکارییەکاندا هەیە بە شێوازێکی بێلایەن و دوور لە بەها کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی توێژەر، ئەمەش لە ناونیشانەکەی سەرەوەدا بەدیدەکرێت، بەڵام دارشتنی پرسیاری توێژینەوەکە ئەم بێلایەنییە ناپارێزێت و توێژینەوەکە لە زمانی ئاراستەکردن و ڕەخنەکردن نزیکبووەتەوە، کە پارادایمەکانی (ڕەخنەیی و فێمینیستی) داکۆکییلێدەکەن. 'زمانی ئاراستەکردن' لە پرسیارەکاندا وادەکات، توێژینەوەکە لە گەڕان بەدوای پەیوەندی هۆکاریدا دووربکەوێتەوە و 'ئاراستەکردنەکان' توێژینەوەکە لە بنەما و زمانێکی پۆزەتیڤیستی دووربخەنەوە. لە بنەڕەتدا ڕوونی و بێلایەنی پرسیارەکان بنەما سەرەکییەکانی ئەم دنیابینییە فەلسەفییەن، ئاراستەی پۆزەتیڤزمی لۆجیکی زانست لەسەر ئەم بنەمایە لە نازانست جیادەکاتەوە.

لە ئامانجی توێژینەوەکەدا هاتووە: **"ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم ئەرکەکانی پەرلەمانە، کە لەمەیدانی کاری سیاسی هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، <u>کە بوونەتە هۆکاری لاوازکردنی</u> ڕۆڵی دامەزراوەی پەرلەمانی کوردستان."** (رسول، ٢٠٢٢، لا. ٧)

لەو ئامانجەی سەرەوەدا، کە سەر بە هەمان توێژینەوەیە، ئەگەر تەماشای ئەو دێڕە بکەین، کە هێڵی بەژێردا هاتووە، جارێکی دیکە زمانی حوکمدانی تێدا دەبینرێت، کە لە ڕێنوێنییەکانی دنیابینیی پۆزەتیڤیستی دەچنەدەرەوە و لە دنیابینیی ڕەخنەیی نزیکدەبێتەوە، لە هەمانکاتدا کێشەکانی؛ بەهاناسی، لۆجیکی، ڕەوانبێژی و زمانی دەربڕین دروستدەکەن.

یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی دروستبوونی دنیابینیی پۆزەتیڤیستی، لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانە لەسەر بنەمایەکی هۆکاری، هەروەک لە زانستە سروشتییەکاندا هەیە، بەم پێیە ناونیشانی توێژینەوە پێویستە بەجۆرێک پەیوەندی هۆکاری نێوان دوو گۆڕاو پیشان بدات، بەڵام لە هەندێک لە ماستەرنامەکاندا ئەم پەیوەندییە هۆکارییە نابینرێت. یەکێک لەو توێژینەوانە توێژینەوەکەی؛ **(محمد محمود، ٢٠٢٣)**؛ ناونیشانی توێژینەوەکەی:

**"<u>پەیوەندی نێوان</u> بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری شەڕەنگێزی"**

هەرچەند بەگوێرەی بەکارهێنانی میتۆد توێژینەوەکە پۆزەتیڤیستییە، بەڵام لە پرسیارەکانی توێژینەوەکەدا هاتووە؛

**"چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری شەڕانگێزی لای خوێندکارانی ئامادەیی؟"** (منصور، ٢٠٢٣، لا. ٧)

هەروەها لە ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا هاتووە؛

**"زانینی پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری شەڕەنگێزی لای خوێندکارانی ئامادەیی."** (منصور، ٢٠٢٣، لا. ٧)

دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو، جیاوازە لە دەستنیشانکردن و پێوانی کاریگەری گۆڕاوێک لەسەر ئەوی دی، وەک هێڵمان بەژێردا هێناوە لەم توێژینە چەندێتییەدا (پۆزەتیڤیستی)، توێژینەوەکە هەرچەند بە میتۆدی چەندێتی کاریکردووە، ئاماژەی بە 'دۆزینەوەی پەیوەندی' نێوان دووگۆڕاو کردووە. لە ڕاستیدا ڕەگوریشەی ئەم تێڕوانینە دەگەڕێتەوە بۆ دنیابینی تێگەیشتنی مانا، کە لە بەرامبەر ئاراستەی پۆزەتیڤیزمدا دروستبووە، بەرگری لە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان گۆڕاوە جۆراوجۆرەکان دەکات، بەمەش باوەڕیان وایە کۆمەڵگا فرەواقیعە و سەرجەم یەکە بچووکە جیاوازەکان ڕۆڵیان لە دروستبوونیدا هەیە، هەروەها پەیوەندی هۆکاری ڕەتدەکەنەوە و لە پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانی نێوانگۆڕاوەکان دەکۆڵنەوە (فرەواقیعی). بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەگەر توێژینەوەکە باوەڕی بە دنیابینی تێگەیشتنی مانا هەبێت، بۆچی لە ئاستی میتۆدۆلۆجیا و میتۆددا پەنا بۆ بەکارهێنانی میتۆدە چەندێتییەکان دەبات؟

لە میتۆدۆلۆجیای توێژینەوەکەدا هاتووە؛

**"لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە، کە یەکێکە لە میتۆدەکانی توێژینەوەی وەسفی لەسەر بنەمای کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان"** (منصور، ٢٠٢٣، لا. ٨٣)

ئەگەر ئەم بەشەی توێژینەوەکە، کە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەیە، بەراورد بە بەشەکەی سەرەوە بکەین، دەبینین توێژەر لە ئاستی تێڕوانین و دنیابینی فەلسەفی توێژینەوەکەی تێنەگەشتووە، کە لە ئاستەکانی (بوونناسی، زانیناسی، بەهاناسی، لۆجیکی، ڕەوانبێژی)دا خۆی دەبینێتەوە. لەڕاستیدا دەکرێت توێژەر دیدگایەکی پراگماتی هەبێت و جیاواز لەو لایەنانە نەڕوانێت، بەڵام ئەوکات میتۆدی ئاوێتەی بەکاردەبرد، نەوەک میتۆدی چەندێتی، کە سەر بە دنیابینی پۆزەتیڤیستییە.

دەتوانین کێشە لۆجیکییەکان لە ئاستەکانی سەرەتای توێژینەوەدا لە ڕێگایەکی دیکەوە دەستنیشانبکەین، کە خۆی لە کێشەی هۆکاری و لۆجیکی دارشتنی پرسیار و ئامانجی توێژینەوەدا دەبینێتەوە لە بەرامبەر ناونیشانی توێژینەوەدا، لە توێژینەوەکەی **(کاظم محمد، ٢٠١٥)**دا هاتووە؛

ناونیشانی توێژینەوەکە:

**"پەیوەندی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە نامۆبوون لای گەنجانی زانکۆ-فەیسبووک بە نموونە"**

لە ئامانجی توێژینەوەکەیدا هاتووە؛

**"زانینی پاڵنەرەی بەکارهێنانی فەیسبووک لای گەنجانی زانکۆی سلێمانی."** (احمد، ٢٠١٥، لا. ٦)

لە ناونیشانەکەدا ئەوە روونە، کە توێژینەوەکە دەیەوێت، کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە (بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) بپێویت بەسەر گۆڕاوە پاشکۆکە (نامۆبوون لای گەنجانی زانکۆ)، لێرەدا ئەگەر پەیوەندییەکە هۆکارییێت لە ڕوانگەی دنیابینی پۆزەتیڤیستییەوە دروستە، بەڵام لە ئامانجەکەدا توێژەر خۆی بە گۆڕاوە سەربەخۆکەوە خەریککردووە، کە (پاڵنەری بەکارهێنانی فەیسبووکە). دنیابینی پۆزەتیڤیستی کاتێک لە پەیوەندی هۆکاری نێوان دوو گۆڕاو دەکۆڵێتەوە، وەکو واقیعێکی نەگۆڕ تەماشای گۆڕاوی سەربەخۆ دەکات، کە لێرەدا (بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی) دەگرێتەوە، تەنها دەیەوێت لەوە تێبگات، کە ئەو گۆڕاوە کاریگەری بەسەر ئەو گۆڕاوەوە هەیە، کە توێژەر لێیدەکۆڵێتەوە یاخود نا، هەروەها دەکرێت ئەوە بپێوێت، تا چەند کاریگەری بەسەرەوە هەیە و لە ئەنجامدا شیکاری بۆ بکات، کە لەو نموونەیەی سەرەوەدا ئەو گۆڕاوەی پێویستە لێیبکۆڵێتەوە (نامۆبوونی خوێندکارانە)، نەوەک ئەو گۆڕاوەی توێژەر پێویستی بە کۆنترۆڵکردنی نییە (بەکارهێنانی فەیسبووک). دنیابینی پۆزەتیڤیستی گرنگییەکی زۆر بە زمان و شێوازی ڕێکخستنی زمان دەدەن، کە کاریگەرییان بەسەر تەواوی توێژینەوەوە هەیە. (بڕوانە بەشی چوار، باسی دوو، دنیابینی فەلسەفی و ڕێنوێنیکردنی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی)

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر دنیابینی توێژەر دنیابینییەکی فرە واقیع بێت و لە ئاستی میتۆدۆلۆجیادا بە میتۆدە چۆنێتییەکان توێژینەوەکەی ئەنجامدەدا، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چەندێتی بەکارهاتووە؛ ***"ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە."*** (احمد، ٢٠١٥، لا. ٧٨)

هەروەها ناڕوونی زمانی دارشتنی پرسیار و ئامانجی توێژینەوە لە هەندێک لە ماستەرنامەکاندا دەبینرێن، بۆ نموونە لە توێژینەوەکەی **(ژینە عزیز، ٢٠١٣)**دا، لە ئامانجی توێژینەوەکەدا هاتووە؛

**"خستنەڕووی هۆکار و جۆر و تایبەتمەندییەکانی منداڵی تووش بوو بە تێکچوونی ئۆتیزم لە لایەنی تیۆریدا ئەنجامدراوە."** (قادر، ٢٠١٣، لا. ٢١)

ئامانجی توێژینەوە پێویستە بەدوای پرسیارێک یاخود چەند پرسیارێکی توێژینەوەدا بگەڕێت، بەڵام بە زمانێکی ڕابردوو ئامانجەکەی دارشتووە. یاخود ئەوەی لە توێژینەوەیەکی دیکەدا دەبینرێت توێژینەوەکەی **(نەخشین بکر، ٢٠٢٢)** ، لە ئامانجەکانی توێژینەوەکەیدا هاتووە؛

**"پەیوەندی ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی خێزان بە وەچەخستنەوە."**

**"دەرخستنی پەیوەندی ڕەوشی ئابووری خێزان بە وەچەخستنەوە."** (حمە، ٢٠٢٢، لا. ٧)

لە دارشتنی هەردوو ئامانجەکەدا (پەیوەندی ڕەوشی ئابووری خێزان) خراوەتەڕوو، کە هەمان ئامانج دووجار دووبارە بووەتەوە. دنیابینی پۆزەتیڤیستی و بەتایبەت ئاراستەی پۆزەتیڤیزی لۆجیکی، کێشەیەکی زۆریان لەگەڵ زمانی زانستیبوونی توێژینەوەدا هەیە، بەتایبەت ئەوەی لەلای ڕوودۆلف کارناپ دەبینرێت و پاشان لەسەر دەستی ئۆتۆ نیورات و کارل هەمپڵ دەگوازرێتەوە ناو زانستی کۆمەڵایەتی و بەتایبەتیتر زانستی کۆمەڵناسی. ئەم دنیابینییەی پۆزەتیڤیستی و پۆزەتیڤیستی لۆجیکی، لە ڕێنوێنیکردنی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا گرنگی بە ڕوونی پەیوەندی هۆکاری و لۆجیکی دروست دەدەن. لە کاتێکدا هەندێک لە ماستەرنامەکان تەنانەت هیچ پرسیارێکی توێژینەوەیان نەخستۆتەڕوو لەکاتی باسکردن لە بیرۆکە و کێشەی توێژینەوەکانیاندا، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە توێژینەوەکەی (ئاری انور، ٢٠٢٣).

## ٤,١,٢- دنیابینی پۆزەتیڤیستی و هەنگاوەکانی دواتری توێژینەوە لە ماستەرنامەکاندا

مەبەست لە هەنگاوەکانی دواتری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، ڕێنوێنییەکانی پارادایمی پۆزەتیڤیستی لە پرۆسەی توێژینەوە لە مەیداندا دەگرێتەوە. لە ڕێگەی گریمانەی میتۆدناسییەوە جۆری توێژینەوە دەستنیشاندەکات و پاشان دیزاینی میتۆدێکی چەندێتی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەئامانج دەگرێت. پرۆسەی دیزاینی توێژینەوەش بریتییە لە کۆمەڵێک هەنگاوی پێویست، کە لەڕێگەی گریمانەی میتۆدۆلۆجی و بە ڕێنوێنی سەرجەم گریمانە مێتافیزیکییەکانی دیکەی دنیابینی پۆزەتیڤیستی و پەیوەندی لۆجیکی نێوانیان تەواوی لایەنی مەیدانی توێژینەوە دەخاتە ناو پرۆسەی دیزاینەوە.

کەواتە لەم باسەدا و بەدوای یەکدا هەوڵدەدەین، لە میتۆدۆلۆجیای توێژینەوە، هەروەها میتۆدی توێژینەوە لەناو ماستەرنامەکاندا تێبگەین، لەڕێگای ڕێنوێنییەکانی دنیابینی پۆزەتیڤیستییەوە، کە بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەکات و لە ئەدەبیاتی ئەم توێژینەوەیەدا بەدووردرێژی باسی لێوەکراوە.

### ٤,١,٢,١- میتۆدناسی و میتۆد

گریمانەی میتۆدناسی لە دنیابینی پۆزەتیڤیستیدا بە پشتبەستن بەسەرجەم گریمانە مێتافیزیکییەکانی دیکەی نێو دنیابینییەکە پێشنیاری توێژینەوەی چەندێتی دەکات. هەرکات لە جۆری توێژینەوە دڵنیابووینەوە، پاشان دەتوانین بەدوای میتۆدێکی چەندێتی تایبەت بەتوێژینەوەدا بگەڕێین، کە ئەو خەسڵەتانەی تێدایە، بۆ توێژینەوەکە پێویستن، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، زۆرێک لە ماستەرنامەکان ئاماژەیان بە جۆری توێژینەوەکەیان نەکردووە، واتا لە ئاستی گریمانەی میتۆدناسیدا ئاماژەیان بەوە نەکردووە، کە توێژینەوەکە (چەندێتییە یاخود چۆنێتی یاخود توێژینەوەی ئاوێتە)، بۆ نموونە توێژینەوەکانی؛ (ظاهر محمود، ٢٠٢٢) ، (شیرین صالح، ٢٠١٥) ، (هێمن محمود، ٢٠٢٣) ، (جوان حسێن، ٢٠١٧) ، (ئاری انور، ٢٠٢٣) ، (ژینە عزیز، ٢٠١٣) ، (کانیاو ابراهیم، ٢٠٢٠) ، (کاروان دارا، ٢٠٢٤) ، (عبدالکریم خدر، ٢٠٢٢).

هۆکاری سەرەکی لە ئاماژەنەکردن بە جۆری توێژینەوە بۆ جیاکارینەکردن لەنێوان میتۆدناسی و میتۆددا دەگەڕێتەوە، کە ئەنجامی تێنەگەیشتنە لە دنیابینی فەلسەفی، چونکە هەنێک میتۆد دەکرێت بە هەردوو شێوازی چەندێتی و چۆنێتی بەکاربهێنرێن و گرنگە لە توێژینەوەدا ئاماژە بە جۆری میتۆد بکرێت. لەسەر ئاستی میتۆدۆلۆجیا پارادایمی پۆزەتیڤیستی لە ڕێنوێنیکردنی جۆری توێژینەوەوە دەستنیشان دەکات و گەر جۆری توێژینەوەشمان دەستنیشانکرد، ئەوا لە ڕوانگەی میتۆدۆلۆجیاوە توێژینەوەکەمان ئاراستەدەکەین، جیاکارینەکردن لە ئاستی میتۆدۆلۆجیادا، سەرەنجام بووەتە هۆکاری گرژی و ئاڵۆزی لە هەنگاوەکانی دواتری دیزانی توێژینەوە، زۆرێک لە توێژینەوەکان لەکاتی هەڵبژاردنی نموونە و کۆکردنەوە و شیکارکردنی زانیارییەکاندا لە توێژینەوەکانیاندا تووشی گرژی لۆجیکی بوونەتەوە.

هەندێک لە توێژینەوەکان هەوڵیانداوە لە ئاستی میتۆدۆلۆجیادا جیاکارییکەن، بەڵام تووشی هەڵە بوونەتەوە، کە لێرەدا دەیانخەینەڕوو. لە توێژینەوەکەی **(چیا فائق، ٢٠١٢)**دا هاتووە؛

**"لەڕووی جۆریشەوە ئەم <u>توێژینەوەیە هەردوو جۆری چۆنایەتی و چەندایەتی گرتۆتەخۆ</u>"** (رشید، ٢٠١٢، لا. ٩٥)

لە نموونەکەی سەرەوەدا دەبینین توێژەر ئاماژەی بە بەکارهێنانی هەردووجۆری میتۆد کردووە لە ئاستی میتۆدناسیدا، بەڵام ئەو جۆرە توێژینەوەیەی هەردوو دنیابینی (پۆزەتیڤیستی>چەندێتی) و (تێگەیشتنی مانا>چۆنێتی) لەخۆدەگرێت، بریتییە لە دنیابینی (پراگماتی>توێژینەوەی ئاوێتە)، بەڵام توێژینەوەکە بەهیچ جۆرێک ئاماژەی بەوە نەکردووە، کە لە ئاستی میتۆدناسیدا توێژینەوەیەکی ئاوێتەیە، هەروەها لە ناویشیاندا هیچ یەک لە شێوازەکانی باس نەکردووە، کە توێژینەوەی ئاوێتەی پێ ئەنجامدەدرێت. ئەوەی وایکردووە ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەیەکی پۆزەتیڤیستی لەقەڵەم بدەین و لێرەدا باسیبکەین میتۆدی بەکارهاتووە لەم توێژینەوەیەدا؛

**"میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی هەروەها لە چۆنێتی وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەکە و پاشان خستنە ڕووی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان ئەم میتۆدە بەکارهاتووە"** (رشید، ٢٠١٢، لا. ٩٥)

توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە، کە جۆرێکی توێژینەوە وەسفییەکانە. یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی وایکردووە ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە بکات، کە هەردوو میتۆدی چەندێتی و چۆنێتی پێکەوە بەکارهێناوە، ئەوەیە کە توێژەر لە ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکانیدا 'چاوپێکەوتن'ی بەکارهێناوە؛

**"لەم توێژینەوەیەدا چاوپێکەوتن وەک ئامرازێکی زانستی بەکارهاتووە"** (رشید، ٢٠١٢، لا. ٩٥)

هەرچەند باس لە جۆری چاوپێکەوتنەکە نەکراوە، بەڵام بەکارهێنانی ئامرازی چاوپێکەوتن بەمانەی ئەوە نایەت، کە توێژینەوەکە هەردوو میتۆدی چەندێتی و چۆنێتی بەکارهێنابێت، چونکە دەکرێت لە هەندێک توێژینەوەدا زانیارییە چۆنێتییەکان بگۆڕدرێن بۆ چەندێتی و شیکارییەکی چەندێتییان بۆ بکرێت، یاخود بەپێچەوانەوە توێژەر زانیارییە چەندێتییەکان کۆبکاتەوە و شیکارییەکی چۆنێتییان بۆبکات.

لە هەندێک لە توێژینەوەکانی دیکەدا هەوڵدراوە لە ئاستی میتۆدناسیدا توێژینەوەکە جیابکاتەوە، بەڵام ئاماژەیان بەهیچ کام لە جۆرەکانی (چەندێتی، چۆنێتی، ئاوێتە) نەکردووە. لە توێژینەوەکەی (کاظم محمد، ٢٠١٥)دا هاتووە؛

**"ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە."** (احمد، ٢٠١٥، لا. ٧٨)

لە ڕاستیدا تەنها سێ جۆر لە توێژینەوە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونیان هەیە، ئەوانیش؛ (چۆندێتی، چۆنێتی، ئاوێتەن)، بەڵام لەناو هەریەک لەم جۆرانەدا چەند شێوازێک لە ئەنجامدانی توێژینەوە بوونیان هەیە، کە توێژینەوەی وەسفیش یەکێکە لە شێوازەکانی توێژینەوەی چەندێتی. لە ڕاستیدا توێژینەوەکە ئەم شێوازە لە توێژینەوەی چەندێتی لەگەڵ میتۆدی توێژینەوەدا تێکەڵنەکردووە، بەڵکو لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت؛

**"میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە بە هەردوو بەشەکەی (وەسفی و شیکاری)."**

لێرەدا توێژینەوەکە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە چەمکێکی گشتگیرتر لەم شێوازە توێژینەوەیە (وەسفی) لەقەڵەمداوە، کە لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی ڕاستە، میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی میکانیزمێکە لە توێژینەوە وەسفییەکاندا بەکاردێت، توێژینەوەی وەسفیش یەکێکە لە شێوازەکانی توێژینەوە چەندێتییەکان، بەهەمان شێوە ئەم هەڵەیە لە هەندێک توێژینەوەی دیکەشدا دووبارە بووەتەوە، بڕوانە توێژینەوەکەی (نەخشین بکر، ٢٠٢٢) ، کە دەڵێت: **"ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە و میتۆدی چەندێتیمان بەکارهێناوە".** (حمە، ٢٠٢٢، لا. ١١٢)

لەڕاستیدا لە زۆرینەی هەرە زۆری توێژینەوەکاندا لەسەر ئاستی میتۆدناسی توێژینەوەکە جیانەکراوەتەوە و لەڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدە تاکەکانەوە ئەم جیاکارییەمان بۆکردوون و بەسەر دنیابینی پۆزەتیڤیستیدا دابەشمانکردوون، بۆ نموونە لە توێژینەوەکەیدا **(عبدالکریم خدر، ٢٠٢٢)** ، دەڵێت: **"لەئەنجامدانی توێژینەوەکەدا سود لە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر وەرگیراوە."** (رسول، ٢٠٢٢، لا. ١٠٣)

بەم شێوەیە توێژینەوەکە میتۆدێکی چەندێتی بەکارهێناوە و لە ئاستی میتۆدۆلۆجیادا توێژینەوەکە دەبێت بە توێژینەوەیەکی چەندێتی، کە لەلایەن دنیابینی پۆزەتیڤیستییەوە ڕێنوێنی دەکرێت.

## ٤,٢- دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە

### ٤,٢,١- دەرئەنجامەکانی توێژینەوە:

یەکەم: پارادایمی فەلسەفی ڕۆڵێکی کاریگەر لە ڕێنوێنیکردنی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا دەبینێت و پەیوەندی لە نێوان هەنگاوە زانستییەکانی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستدەکات.

دووەم: پارادایمی پۆزەتیڤیستی لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهێنانی زۆرە، بەڵام لە ڕووی چۆنێتیی بەکارهێنانەوە تێنەگەیشتن لە بەکارهێنانیدا دەربینرێت لە توێژینەوەی ماستەرنامەکانی بەشی کۆمەڵناسیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە زانستییەکان لە داڕشتنی ناونیشانی توێژینەوە، دەستنیشانکردنی کێشە و ئامانجی توێژینەوە، هەروەها هەڵبژاردنی میتۆدی توێژینەوە.

سێیەم: لە داڕشتنی ناونیشانی توێژینەوەدا تێنەگەیشتن لە پارادایمی پۆزەتیڤیستیدا دەبینرێت و پەیوەندی هۆکاری زۆرکات دەشاردرێتەوە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەم دنیابینییە فەلسەفییەوە نادروستە، هەروەها زۆرکات پەیوەندی نالۆجیکی دەبینرێت، کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ناونیشانی توێژینەوە نوێنەرایەتی پارادایمی ڕێنوێنیکەر نەکات.

چوارەم: لە داڕشتنی کێشە و ئامانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا توێژەران ڕووبەڕووی گرژییەکانی داڕشتنی زمان و بەکارهێنانی زمانی ڕەخنەیی بوونەتەوە، کە هۆکارەکەی بە تێکەڵکردنی ئەم دنیابینییە لەگەڵ هەردوو دنیابینی (ڕەخنەیی و فێمینیستی)دا گەڕێندراونەتەوە، کە وەکو پارادایمێکی دژە پۆزەتیڤیستی بۆ یەکەمین جارە لەناو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەرکەوتوون.

پێنجەم: لە داڕشتنی لایەنی میتۆدۆلۆجی توێژینەوەی پۆزەتیڤیستیدا زۆرکات توێژەران هەردوو چەمکەکانی (میتۆدۆلۆجیا و میتۆد)یان لێک جیانەکردۆتەوە، کە بۆ تێنەگەیشتنی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانمان لە پارادایمی پۆزەتیڤیستی گەڕاندۆتەوە. تێنەگەیشتن لە میتۆدۆلۆجیای توێژینەوەی پۆزەتیڤیستی، دەکرێت کاریگەری بەسەر نادروستی لە هەنگاوەکانی داهاتووی توێژینەوەدا دروستبکات، بەتایبەت لە کارە مەیدانییەکاندا.

### ٤,٢,٢- ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:

یەکەم: پێویستە بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەشی کۆمەڵناسی بەتایبەتی گرنگی بە فەلسەفە و فەلسەفەی میتۆدی کۆمەڵایەتی بدەن و وانەی تایبەتیان بۆ تەرخانبکەن و مامۆستای پسپۆڕی بواری فەلسەفەی زانستیان بۆ هەڵبژێرن، چونکە پەیوەندییەکی تەواوکەر و لێکدانەبڕاو لە نێوان فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینرێن.

دووەم: پێویستە بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و لەناویاندا کۆمەڵناسی گرنگی بە پەیوەندی تەواوکەری نێوان وانەکانی (میتۆد و تیۆری) بدەن لە زانستەکەدا، چونکە پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاو لەنێوان ئەو دوو بوارەدا هەن و خوێندکاران لێیان ئاگادار نین، یاخود بە هەڵە تێگەیشتوون، بەم پێیە پێویستە مامۆستایان ئاگاداری کۆرسبووکی یەکدی بن لە وتنەوەی وانەکانیاندا.

### ٤,٢,٣- پێشنیازەکانی توێژینەوە:

یەکەم: تێگەیشتنی زیاتر لە زمانەوانی توێژینەوە (research rhetoric) بابەتێکی گرنگە بۆ توێژینەوە ،کە لەم توێژینەوەیەدا نەتوانراوە بە چڕی جەختی بخرێتەسەر.

دووەم: دەکرێت توێژینەوەی زیاتر لە کاریگەری پارادایمە فەلسەفییەکان لە قۆناغە باڵاترەکانی خوێندندا ئەنجامبدرێن، لەوانە (قۆناغی دکتۆرا).

## لیستی سەرچاوەکان:


1. Alharahsheh, H.H. and Pius, A., 2020. A review of key paradigms: Positivism vs interpretivism. Global Academic Journal of Humanities and Social Sciences, 2(3), pp.39–43.
2. Asghar, J., 2013. Critical paradigm: A preamble for novice researchers. Life Science Journal, 10(4), pp.3121–3127.
3. Aryal, V., 2023. Paradigm shift in social science research: A general perspective. Journal of Political Science, pp.111–123.
4. Benton, T. and Craib, I., 2023. The philosophical foundations of social thought. 3rd ed. London: Bloomsbury Academic.
5. Bryman, A., 2012. Social research methods. 4th ed. Oxford: Oxford University Press.
6. Burns, D. and Walker, M., 2005. Feminist methodologies. In: B. Somekh and C. Lewin, eds. Research methods in the social sciences. London: SAGE Publications.
7. Burke Johnson, A.R., Onwuegbuzie, A.J. and Turner, L.A., 2014. Toward a definition of mixed methods research. In: P. Leavy, ed. The Oxford handbook of qualitative research. New York: Oxford University Press.
8. Burrell, G. and Morgan, G., 1979. Sociological paradigms and organisational analysis: Elements of the sociology of corporate life. 1st ed. London: Heinemann.
9. Chugh, M.C., 2014. Feminist qualitative research: Toward transformation of science and society. In: P. Leavy, ed. The Oxford handbook of qualitative research. New York: Oxford University Press.
10. Cohen, L., Manion, L. and Morrison, K., 2007. Research methods in education. 6th ed. New York, NY: Routledge.
11. Cohen, L., Manion, L. and Morrison, K., 2018. Research methods in education. 8th ed. London: Routledge.
12. Collis, J. and Hussey, R., 2014. Business research: A practical guide for undergraduate & postgraduate students. 4th ed. Basingstoke: Palgrave Macmillan.
13. Creswell, J.W., 2018. Research design: Qualitative, quantitative, and mixed methods approaches. 5th ed. Thousand Oaks, CA: SAGE Publications.
14. Creswell, J.W., 2021. A concise introduction to mixed methods research. 2nd ed. University of Michigan.
15. Creswell, J.W. and Guetterman, C., 2019. Educational research: Planning, conducting, and evaluating quantitative and qualitative research. 6th ed. Boston: Pearson.
16. Crotty, M., 1998. The foundations of social research: Meaning and perspective in the research process. 1st ed. Thousand Oaks, CA: Sage Publications.
17. Fazlıoğulları, O., 2012. Scientific research paradigms in social sciences. International Journal of Educational Policies, 6(1), pp.41-55.
18. Fuyane, N., 2021. Research methodology choice dilemma: A conceptual note to emerging researchers. International Journal of Business and Management Studies, 2(2), pp.29–43.
19. Gadamer, H.-G., 2008. Philosophical hermeneutics. Berkeley: University of California Press.
20. Gadamer, H.-G., 1975. Truth and method. Translated by G. Barden and J. Cumming. New York: Seabury Press.
21. Gall, M.D., Gall, J.P. and Borg, W.R., 2003. Educational research: An introduction. 7th ed. Boston, MA: Pearson.
22. Grix, J., 2004. The foundations of research. 1st ed. New York, NY: Palgrave Macmillan.
23. Guillán, A., 2017. Pragmatic idealism and scientific prediction: A philosophical system and its approach to prediction in science. Cham, Switzerland: Springer International Publishing.
24. Gunbayi, I., 2020. Knowledge-constitutive interests and social paradigms in guiding mixed methods research (MMR). Journal of Mixed Methods Studies, (1), pp.44–56.
25. Harrison, A.K., 2014. Ethnography. In: P. Leavy, ed. The Oxford handbook of qualitative research. London: Oxford University Press.
26. Khatri, K.K., 2020. Research paradigm: A philosophy of educational research. International Journal of English Literature and Social Sciences, 5(5), p.1439.
27. Kawulich, B., 2016. The role of theory in research. In: Teaching research methods in the social sciences, pp. 37-48. London: Routledge.
28. Lather, P., 2006. Paradigm proliferation as a good thing to think with: Teaching research in education as a wild profusion. International Journal of Qualitative Studies in Education, 19(1), pp.35-57.
29. Leedy, P.D. and Ormord, J.E., 2021. Practical research: Planning and design. 11th ed. Global edition. Pearson.
30. Marques, H.R. et al., 2019. The concept of paradigm in the social sciences: counterpoint to Thomas Kuhn. Revista Direito UFMS, 5(1).
31. McGregor, S.L.T. and Murnane, J.A., 2010. Paradigm, methodology and method: Intellectual integrity in consumer scholarship. International Journal of Consumer Studies, 34(4), pp.419–427.
32. Mohajan, H.R., 2022. An overview on feminism and its categories. pp.11–26.
33. Neuman, W.L., 2011. Social research methods: Qualitative and quantitative approaches. 7th ed. Pearson.

34. Patton, M.Q., 2002. Qualitative research and evaluation methods. 3rd ed. Thousand Oaks, CA: Sage Publications.
35. Rehman, A.A. and Alharthi, K., 2016. An introduction to research paradigms. International Journal of Educational Investigations, 3(8), pp.51-59.
36. Ritzer, G., 1975. Sociology: A multiple paradigm science. 1st ed. Boston: Allyn & Bacon.
37. Ritzer, G. and Stepnisky, J., 2018. Sociological theory. 10th ed. Thousand Oaks, CA: SAGE Publications.
38. Shah, S.S., Iqbal, Z. and Rauf, A., 2018. Pragmatism research paradigm: A philosophical framework of advocating methodological pluralism in social science research. Grassroots, 52(1), pp.90–101.
39. Singh, Y.K., 2006. Fundamental of research methodology and statistics. 1st ed. New Delhi: New Age International.
40. Wagner, C., Kawulich, B. and Garner, M., 2019. A mixed research synthesis of literature on teaching qualitative research methods. Sage Open, 9(3).
41. Walliman, N., 2006. Social research methods. 1st ed. London: SAGE Publications.


## پاشکۆی توێژینەوەکە:

### لیستی ماستەرنامەکان کە لە شیکارییەکاندا بەکارهاتوون


1. احمد، ظاهر محمود، ٢٠٢٢، پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵبژاردنی پسپۆڕی زانستی لای دەرچووانی قۆناغی ئامادەیی، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی.
2. احمد، کاظم محمد زاهد، ٢٠١٥، پەیوەندی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە نامۆبوون لای گەنجانی زانکۆ-فەیسبووک بە نموونە، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی.
3. حسن، هێمن محمود، ٢٠٢٣، پاڵنەرەکانی خوێندکار بۆ هەڵبژاردنی خوێندن لە زانکۆ تایبەتەکان، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی.
4. حمە، نەخشین بکر، ٢٠٢٢، پەیوەندی ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی خێزان بە وەچەخستنەوەوە، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی.
5. رحیم، ئاری انور، ٢٠٢٣، ڕۆڵی زانکۆ لە گەشەپێدانی هۆشیاری سیاسیدا، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی.
6. رسول، عبدالكريم خدر، ٢٠٢٢، ئاستەنگەکانی بەردەم پەرلەمان لەهەرێمی کوردستان-عێراق، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی.
7. رشید، چیا فائق، ٢٠١٢، ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە گەشەپێدانی تواناکانی گەنجاندا، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی.
8. کریم، کانیاو ابراهیم، ٢٠٢٠، ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی.
9. قادر، ژینە عزیز، ٢٠١٣، کێشەکانی خاوەن منداڵی ئۆتیزم، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی
10. محمدامین، شیرین صالح محمد، ٢٠١٥، ڕەوشی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی.
11. محمد، جوان حسێن، ٢٠١٧، ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی کلتوری بەکاربردن، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی.
12. محمد، کاروان دارا، ٢٠٢٤، کێشەکانی بەشاریبوون لە هەرێمی کورستان\عێراق، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی.
13. منصور، محمد محمود، ٢٠٢٣، پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری شەڕەنگێزی، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

**Aran Journal for Language and Humanities**

https://doi.org/10.24271/ARN.2025.01-02-08

# The Positivist Paradigm: Early Social Research and Its Preferred Methodology (A Hermeneutical - Analysis of Sociology Master's Theses at the University of Sulaimani)

(Extracted from MA Thesis)

**Ashti Khalil Muhammed Haydar, Omer Ali Ahmed Abdullah**

Department of sociology, College of humanities, University of Sulaimani, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **June, 2025** |
| Accepted | **August, 2025** |
| Published: | **October , 2025** |

**Keywords**

**positivist paradigm, method, research problem, research objective.**

**Corresponding Author**

ashtiazadarash98@gmail.com
omer.ahmed@univsul.edu.iq

**abstract**

This study aims to understand the general philosophical paradigm, with a particular focus on the positivist paradigm, and how its worldview shapes the foundational elements of research—specifically, the formulation of the research problem, the objectives, and the selection of scientific methods. A hermeneutic analysis was conducted on a selection of master's theses in sociology and anthropology submitted to the Department of Sociology. The analysis explores the relationship between philosophical paradigms and social research, concluding that there is a deep historical and academic connection between philosophical inquiry and the structure of research. Each philosophical paradigm carries fundamental assumptions concerning ontology, epistemology, axiology, logic, methodology, and rhetoric. The fieldwork confirms that the positivist paradigm, as one of the main paradigms in social science, significantly influences how research topics, problems, objectives, and methods are chosen. However, two main findings emerged: first, many researchers lacked awareness of the guiding philosophical paradigm in their work, and did not explicitly reference it; second, the hermeneutic analysis revealed that many theses did not adequately engage with key philosophical questions, resulting in a methodological inconsistency. In several cases, the blending of positivist principles with elements from other paradigms led to a departure from the core logic of the positivist approach.